# Invandrarkursen
# Språk & Demokrati




För dig som vill
-träna din svenska intensivt
-utförska, diskutera och pröva demokrati
-använda datorn som redskap
-förbereda dig för arbete och vidare studier

| | |
|---|---|
| **Allmän kurs** | **1-3 år** |
| **Projektverkstad** | **1 år** |
| **Bildkurs** | **1 år** |
| **Levande verkstad** | **2 år** |

**Tel: 08-88 05 30 ring** för information!
Stora mans väg 125 59 Älvsjö
T-bana Fruängen

www.arsivakurdi.org

# Berbang

Kurdiska Riksförbundets Tidskrift • April2000 • No: 115 • Price 25



Kurdisk sång och musik framfördes av Suzan Erdem och Mahmud Aziz

Foto: Mikael Hellsten

## Kurdiska Kulturföreningen i Borlänge i samarbete med ABF firade kurdisk nyårsafton NEWROZ



**Unga firara**
Tvååriga Halime firade tillsammans med treåriga tvillingsystrarna Gule och Hevi kurdisk nyårsafton i granna dräkter

Foto: Mikael Hellsten

www.arsivakurdi.org

## دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی مادام میتران بۆ نەوژەن کردنەوەی قەڵای هەولێر

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید پێشوازیی دەکات لە هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی مادام میتران بۆ نەوژەن کردنەوەی قەڵای هەولێر.

کۆمیتەی کارگێڕ بەم بۆنەیەوە لیژنەیەکی لە حامید گەوهەری ، گۆڤان ئامیدی و سەلام جەزیری پێک هێنا تا پەیوەندیی بە دەزگا ڕەسمیەکان و دەزگا خێرخوازەکانی سویدی و کۆمەڵەکانی ئەندام و کوردەکانی دانیشتووی سوید بگرن بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی نەوژەن کردنەوەی قەڵای هەولێر و بڕیاریدا پۆستگیرۆیەکی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە بکاتەوە.

**لە ژمارەی داهاتوودا ئاگادارییەکی پتر ڕادەگەیەنین.**

# یارمەتی کردنی یاسایی بە کەمئەندامە بیانییەکان

فیدراسیۆنی کەمئەندامان (HSO) بە هاوکاریی ڕێکخراوی هاوکاریی بیانییەکان لە سوید (SIOS) پرۆژەیەک بەڕێوە دەبات بۆ یارمەتی دانی یاسایی بە کەمئەندامە بیانییەکان و بنەماڵەکانیان .
ئەگەر پرسیاریکتان دەربارەی یاسای یارمەتی کردنی بە کەمئەندامان هەیە یان دەتانەوێ دژی بڕیارێک هەڵوێست وەرگرن کە لەسەر ئێوەی کەمئەندام وەرگیراوە ، دەتوانن پەیوەندیی بەو دوو وەکیلانەوە بگرن:

Farzaneh Dehdari - 08- 546 40 446
Jeaette Gabrielsson - 08- 546 40 445

ئێوە هەروەها دەتوانن بە ژمارە فاکسی 444 40 546 -08 پەیوەندیی مان پێوە بگرن یان بە ئادریسی خوارەوە بۆ فیدراسیۆنی کەمئەندامانی بیانی نامە بنێرن:
Handikappförbundens samarbetsorgan
Box 1386 , 172 27 Sundbyberg

**بەرپرسی پەیوەندییەکانی SIOS ، Julio Fuentes تەلەفۆن 60 90 643 -08**

# بەربانگ و خوێنەران

– خـوێنەری بەڕێز کـاک ڕەمـەزان دەوسکی ، نامـەکـەت گـەیشت ، ئێـمـەش سڵاوی گەرمی برایانەت ئاراستە دەکەین و خۆشـحـاڵین کـە بابەتـەکانی بەربانگ جێگای سەرنجتانە. ئەرکی ئێمە خزمەت کردنە و بە پشتبەستن بە یارمەتیی ئێوەی خـوێنەرانی بـەربانگ دەتوانین لە کارەکەماندا سەرکەوتوو بین.

---

– برای بەڕێز کاک هەمزەی بایزیدی لە لەندەن، سـوپاس بۆ ناردنی شـیـعـری (نیشتمان)، چاوەڕێی بەرهەمی بەرهەمی بەپێزترین.

**نیشتمان**

ماڵێکی خۆشخوان ، دەیخوێند لە کوڕێ
بەدەست ڕاوکەر گرا ، کەوت دەتوڕێ
بە دیاری نێردرا ، بۆ دەرکی پاشا
گزیر و پاسەوان ، هاتنە تەماشا
دروستیان کرد ، قەفەس بۆ مەل لە زێڕی
جێگای خۆشتر ، جوانتر بوو لە لێڕی
کرای خزمەت بەباشی ، تا بخوێنێ
خەموو دەردی ئەمیری ڕاپەڕێنی
سەرەڕای خزمەت و کێشانی نازی
نە دەنگی لێگەهات ، نەی مابوو وازی
بە نووزەی نیوە گیان دەیگوت (نیشتمان)
لەتۆ دوورم ، دەکەم بۆت داد و فیغان
سەریان سڕما هەموو پسپۆڕ و زانا
مەلی خۆشدەنگ لەبۆ چی گۆشتی دانا
بە فەرمانی ئەمیر بردراوە جێی ڕاو
خەلاسی بوو مەلی خۆش خوان لە چەنگ داو
هەبووی هێلانەیەک لە قەراخ ئاوێ
بەهەر شەپۆلێک دەبزووت تاوێ
وچانی دا لەسەر هێلانە کۆنێ
هەموو کۆشک و تەلاری میری دێنێ
هەڵی کردێ بە دەنگی پڕ خرۆشێ
گوڵ و گوڵزار لە تاوی کەوتنە خۆشی
بە سەربەستی وتی ئۆخەی وەتەن هەم
بەبێ تۆ نرخی من نە زیادە و ، کەم

---

– خـوێنەری بەڕێز کـاک هۆزان فـایق، سوپاس بۆ نـاردنی شیـعری (حـەسرەتی عەشق)، چاوەڕوان بە بەرهـەمەکانی تریشت بڵاو دەکەینەوە.

**حەسرەتی عەشق**

لە سارایەکی ڕوتەن دا
گەواڵە هەورێکی پڕلە باران
بەسەر مندا تێر گریا و
بوو بە ڕووبار
بوو بە بەهار
بۆ سەر باڵای و شک بووما
عەشقی خولیایەکی بێزار
بوو بە ڕێگای دەرباز بوونم
بۆ...
بۆ... سیمای بێ خەندەی پڕ لە
حەسرەتم
بۆ... ئەوینی پاکی لە گۆڕنراوم
بۆ... ئەو تەمەنەی
کە عەشق خەفەی کرد.
زۆر سەر سامە لام
هەموو جارێ گڕی خەمی عەشقە خەفە
نابێ
کەچی
دوکەڵی عەشقێکی تر
لە دوورەوە
من قان دەدات
ئێتر من چی بکەم
کە عەشق بۆ من
بۆتە دەریای ژان و گرین
منیش چەپۆکان دەکەم و
ناگەمە کەناری شادی و ژین
ناچارم
لەگەڵ شەپۆلی دەریای
ئەم عەشقە پڕ لە ژان و گرینەدا
هەڵبکەم
بۆیە وا ئێستا
منیش
بڵێسەی ئاگری ئاهو هەناسەم
بوە بەقەترانی پەیجوزی ژینم
لە سۆی خەم و برینم
هێلانەی لێوەکانم
بێ مەلی خەندە ماوەتەوە
هەستەکانم لە تاودا
پەرو باڵیان دەرکرد و
بوونە پەپولە و
بەرەو ئاسمان کشان
گڕو بڵێسەی هیواکانم
بوون بە ژیلەمۆ و
دوکەڵیان
هەوری خەمی گەڵا کرد
کە ئەوین ئاوابێ ؟؟
ئێتر من چ باوەشێک
لە ئامێز بگرم
بۆ چ هەورازێک
هەنگاو بنێم ؟؟
دەستی چ کەسێکی تر
لە چنگم بنێم ؟
لە پەنجەرەی ئەم خەمەوە
لەبەر دیدەی سەوزم دا
دنیا شەوەزەنگە و
هیچ تراویلکەیەک نەماوە
ناچار هەروەک گەردوون
بەدەوری خۆمدا دەسوڕێمەوە
لەسەر گڵکۆی هیواکانم
هەر گۆرانی عەشق دەڵێمەوە
نیگای حەزی سەرشێتم
ئۆقرە ناگرێ و
دەگەڕێ بەدوای نیگایەکی تردا
بەلام
هەر کاروانی خەم
بەرۆکی دەگرێتەوە
بۆ دواجار هێزم لە بزوتن دەکەوێ
هەستم دەسرەوێ
چەپکێک فرمێسک
لەدەریاچەی چاوانمدا
سەوز دەبێ

**هۆزان فایەق**

---

– خـوێنەری بەڕێز کـاک مـەولود سـوارە لە لەندەن ، سێ پاوندی ئابوونەکـەت گـەیشت ، زۆر سوپاست.

www.arsivakurdi.org



ئاهەنگەکەیان کرد. بە سرودی نەورۆز دەستی پێکرد و بە گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردیی ڕازایەوە و حەوت کاژێری خایاند.

**کریستیان ستاد**

ڕۆژی ١٨/٣/ ٢٠٠٠ ، کوردەکانی شاری کریستیان ستاد جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. نزیکەی ٢٠٠ کوردی دانیشتووی کریستیان ستاد و چەند میوانێکی سویدیی بەشدارییان لە جەژنەکەدا کرد. نەورۆز لە کریستیان ستاد بە شیعر و سرودی نەتەوەیی و گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردیی ڕازایەوە و هەشت کاژێری خایاند.



**کریستیان بورلینگە**

ڕۆژی ١٨/٣/ ٢٠٠٠ ، کوردەکانی شاری بورلینگە جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. نزیکەی ٢٠٠ کوردی دانیشتووی بورلینگە و ژمارەیەک میوانی سویدیی و ڕۆژنامەوان بەشداریی جەژنەکەیان کرد. بە گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردیی مەحمود عەزیز و سوزان ئەردەم ڕازایەوە و هەشت کاژێری خایاند.

**ئۆپسالا**

ڕۆژی ٢٤/٣/ ٢٠٠٠، کوردەکانی ئۆپسالا جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. نزیکەی ٧٠٠ کوردی دانیشتووی ئەو شارە لە لۆکاڵی Fyrispark کۆبوونەوە و بە گۆرانی هونەرمەندان حەمە جەزا و ئیسماعیل ئیبراهیم و هەڵپەرکێی کوردی ئاهەنگی نەورۆزیان ڕازاندەوە.



**ماڵمۆ**

ڕۆژی ٢١/٤/ ٢٠٠٠، کوردەکانی ماڵمۆ ، لوند و شارۆچکەکانی دەورووبەری ماڵمۆ لە لۆکاڵی Rosengård Centrum کۆبوونەوە بەیەکەوە جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. ئاهەنگی نەورۆز لە ماڵمۆ بە گۆرانی هونەرمەندان پەیوەند جاف و محەمەد تەها ئاکرەیی و مۆسیقا و هەڵپەرکێی کوردی ڕازایەوە.

## داوای لێبوردن

لە لاپەڕە ١٧ی بەربانگی ژمارە١١٤دا لەبری سەردێری (نامەیەکی کراوە بۆ دایکان و باوکان لە دەرەوەی وڵات) بە هەڵە وشەی منداڵان کەوتووەتە ناو سەردێرەکەوە و بووە بە (نامەیەکی کراوە بۆ دایکان و باوکان و منداڵان لە دەرەوەی وڵات) ، هەروەها ناوی نوسەرەکەش نەنوسراوە ، داوای لێبوردن لە بەڕێز (خوناو خۆشناو ، مامۆستای قوتابخانەی Fridhemskolan Västerås ) دەکەین.

www.arsivakurdi.org



کۆمەڵەی ئیسکلستونا و ئەحمەد سندی بەرپرس کۆمیتەی هەرێمی سێ و فەخری ئۆلچەر بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نێوخۆی فیدراسیۆن بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد.

رۆژی ٢٠٠٠/٣/٥، کۆمیتەی هەرێمی چواری فیدراسیۆن دووهەم کۆبوونەوەی خۆی لە نیبونیسهامن پێکهێنا. نوێنەری کۆمەڵەکانی بوروس، فالشۆپینگ و یۆنشۆپینگ بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد. عەزیز ئالش لە کۆمیتەی راوێژەوە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کرد. بەشداران لەو کۆبوونەوەیەدا لە چەند باسێک دوان و بڕیاری بەرنامەی کاری ئایندەیان دا.



رۆژی ٢٠٠٠/٣/٥، کۆمیتەی هەرێمی پێنجی فیدراسیۆن لە باشووری سوید ، سێهەم کۆبوونەوەی خۆی لە نیبونیسهامن پێکهێنا. نوێنەری کۆمەڵەکانی ئاشتیی ، هێلسینگبۆری ، کریستیان ستاد و کۆمەڵەی مالمۆ و کامەران شوان بەرپرسی کۆمیتەی هەرێمی پێنج بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا خەبات و چالاکیی کۆمەڵەکان و فیدراسیۆن کەوتە بەرباس و چەندان پێشنیار کرا بۆ برەوپێدان و پێشخستنی کۆمەڵەکان. رەحمان حەسەن لە کۆمیتەی گشتییەوە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد.

## پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز لە شارەکانی سوید

**فالون**

رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٤ ، کوردەکانی شاری فالون جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. کۆمەڵەی کوردی فالون بەم بۆنەیەوە پرۆگرامێکی رازاوەی بە گۆرانیی هونەرمەند دەلال و شێوە جۆر بە جۆرەکانی هەڵپەرکێی کوردیی پێشکەشی بەشداران کرد. نزیکەی ٢٠٠ کوردی دانیشتووی فالون و نوێنەری رێکخراوە سیاسییەکان و دەزگاکانی حکومەتیی و دەزگای کولتووریی ABF ی سوید و بەشداریی ئاهەنگەکەیان کرد. ئاهەنگەکە بە سرودی نەورۆز دەستی پێکرا و ماوەی حەوت کاژێری خایاند. سەرۆکی کۆمەڵە عیزەت فەرخە وتارێکی خوێندەوە و پەنجەی بۆ دەرد و ئازاری کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان راکێشا و مێژووی بەسەرهاتی کوردی روون کردەوە.

**فالشۆپینگ**

رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٤ ، کوردەکانی شاری فالشۆپینگ جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد . نزیکەی ٥٠٠ کوردی دانیشتووی شارەکە و میوانی سویدیی بەشداریی ئاهەنگەکەیان کرد. بە سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەست پێکرا و بە گۆرانیی هونەرمەند قادر ئەلیاسی و هەڵپەرکێی کوردیی رازایەوە. سەرۆکی کۆمەڵە عادل دهۆکی وتارێکی خوێندەوە و پەنجەی بۆ مێژووی کۆن و بەسەرهاتەکانی نەتەوەی کورد راکێشا.

**سالا**

رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٥ ، کوردەکانی شاری سالا جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. پتر لە ٢٠٠ کوردی دانیشتووی سالا و نوێنەری رێکخراوە سیاسییە سویدییەکان بەشداریی



www.arsivakurd.org

# چەند چالاکییەکی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی ئەندام



## بورهان یاسین سەردانی فیدراسیۆنی کرد

ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٦، دوکتـــۆر بورهان یاسین ســـەردانی فیدراسیۆنی کرد. سەرۆکی فیدراسیۆن لە کۆبوونەوەیەکدا کە سکرتێری فیـدراسـیـۆن بەم بۆنەیەوە ئامـادەی کـردبوو ، بەخـێـرهاتنی بەڕێزیانی کـرد و باسی کـار و خـەباتی فیدراسیۆنی کرد. دوکتۆر یاسین لە سوپاسی فیدراسیۆندا ، دوو پرۆژەی بە کۆمیتەی کارگێڕ پێشنیار کرد. ئەندامانی کۆمیتـەی کارگێڕ چەند پرسـیارێکیان ئاراستـەی دوکتـۆر یاسین کرد و پرۆژەکـانیـان بۆ فـیـدراسـیـۆن بە هەنگاوی پۆزەتیف دانا و ڕایانگەیاند کە لە کۆبوونەوەی کـۆمـیـتـەی کارگێڕدا پێشنیارەکانی دەخەنە بەرباس و وەڵامی بەڕێزیان دەدەنەوە.

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی هەرێمەکانی فیدراسیۆن لە نینسهامن





ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/٤، کـۆمـیـتـەی هەرێمی دوو، کۆبوونەوەی سێهەمی خۆی لە نینسهامن پێکهێنا. نوێنەری کۆمەڵەکانی سالا، ڤێستەرۆس، کۆمەڵەی کـوردی سـویدی ئوپسـالا، فـالون و کـۆمـەڵەی کوردسـتـان ئوپسالا، ڕەحـمان حەسـەن بەرپرسی کـۆمـیـتـەی هەرێمی دوو، شـۆڕش زیرەک ئەندامی کۆمیتەی ڕاوێژ بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی هەندێک خاڵ کرا و بەتایبەتییش بەرنامەی کاری ئایندەی کۆمەڵەکان.

ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/٥، کـۆمـیـتـەی هەرێمی سـێ فیدراسیۆن سێـهـەم کـۆبوونەوەی خـۆی هەر لە نینســهـامن پێک هێنا. نوێنەرانی کـۆمـــەڵەی کارڵستـاد ، ئۆێرێبرو ، نۆڕشوێپینگ ، کۆمەڵەی کوردی لینشوێپینگ ، کـۆمـەڵەی کەمئەندامانی لینشوێپینگ ، کۆمـەڵەی ئێسکلستونا و ئەحـمەد سندی بەرپرسی کۆمیتەی هـەرێمی سێ بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. فـەخری ئولچەر بەرپرسیاری کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ناوخۆی فیدراسیۆن و لوقـمـان ئەرتاش ئەندامی کـۆمـیـتـەی گـشـتـیی بەشـداریی کۆبوونەوەکەیان کرد.

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨، کـۆمـیـتـەی هەرێمی سێ چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی لە شاری ئێسکلستونا پێک هێنا. نوێنەر کۆمەڵەی کارلستاد، ئوریبرۆ، نۆرشۆپینگ، کۆمەڵەی کـوردی لینشۆپینگ، کۆمـەڵەی کـەمئـەندامانی لینشـۆپینگ،

کوردستان لە جەنگی یەکەمی جیهانیی دا کێشەی نەوت بوو، ململانێ لەسەر نەوت کوردستانی پارچە پارچە کرد، هۆی تراژێدیی سەرەکیی تا ئەمڕۆ بۆ ئەو دابەشکردنە دەگەڕێتەوە، سامانی نەوتی کوردستان لە جیاتی ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆش بەخت بکات و پێشی بخات، هات سوتاندی و دەرد و مەینەتی بۆ هێنا. ئەمڕۆ کێشەی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە کایەوە، کە سەرچاوەی هەرە زۆری ڕووبارەکانی گرنگی ناوچەکە لە کوردستان هەڵدەقوڵێن و، دیجلە بە جەرگی کوردستاندا تێدەپەڕێ. ئەگەر خەڵکی کوردستان بە ئاگری سامانی نەوت سووتاوون و بوون بە قوربانی، ئایا نابێ کۆمەڵەی نێودەوڵەتی شتێک بکەن تا ئەمجارە کورد لە کێشەی ئاودا نەخنکێ. زۆرداری دژی کورد هەروا هەرەمەکی نەبووە، بەڵکو بە پیلانی خاوەن بەرژەوەندەکان بووە. هیچ دوور نەڕۆین لە سەدەی بیستەمدا دابەش کردنی کوردستان بە پەیماننامەی نێوان ئینگلیز و فەرانسا و حکومەتانی ناوچەکە، کە بەدەستی ئەوان دامەزران ئەنجام درا. پاراستنی ئەو دابەش کردنە و کۆنترۆلکردنی کورد چەندین پەیماننامەی تر ڕێکخراوە، وەکو پەیمانی سەعەد ئابادی(١٩٣٧)، پەیمانی بەغدا، پاشان پەیمانی سانتۆ و چەند ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی. سەرقافلەی ئەمانەش ڕێککەوتننامەی جەزایری ساڵی (١٩٧٥) بوو، کە گەورەترین غەدری مێژوویی لە کورد کرد و وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و ئێران و چەندین وڵاتی عەرەبی تێیدا هاوبەش بوون و لەسەر حیسابی کورد ئیمزا کرا.

کێشەی کورد، کێشەی میللەتێکی ستەم دیدەیە، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی تا دوێنێ لە ئاستی دا بێدەنگ بوون، بێ بایەخ بوون، بەڵکو بە شێوەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشداری ستەم و زوڵم دژی ئەم میللەتە بوون. هەربۆیەش بە گلەیی و گازەندەوە دەڵێین: ئەگەر کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکاندا بە دەنگی کوردەوە بهاتبان زۆر کارەساتی گەورە ڕووی نەدەدا.

ساڵی (١٩٧٥)یش ئەگەر ڕێگەیان بە خنکاندنی بزووتنەوەی کورد نەدابا ئەوا ڕەنگە شەڕی عێراق و ئێران ساڵانی (٨٠-١٩٨٨) هەڵنەگیرسابا. هەروەها ساڵی (٨٧-١٩٨٨) کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لە ئاستی کارەساتی ئەنفال و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان بێدەنگ و بێ بایەخ نەبان ئەوا ڕەنگە جەنگی دووهەمی کەنداو لە کوێت ڕووی نەدابا. هەر بۆیەش دەڵێین: کورد لە ناخەوە هەست بە مەغدوریەتی مێژوویی خۆی دەکات و داوا دەکا قەرەبووی زەرەر و زیانی ئەو هەموو کارەساتانەی بکرێتەوە، لە ئاکامی جەنگی کەنداو لە عێراق هەلومەرجی ڕاپەڕین هاتە پێش. ساڵی (١٩٩١) پاش ڕاپەڕین بە چاوپۆشینی ئەوکاتەی ئەمریکا جموجۆڵی سەربازیی عێراق خەڵکی شارەکانی کوردستانی عێراق کەوتنە بەر شالاوی سەرکوت کاری و سەدان هەزار کەس شار و گوندی خۆیان بەجێ هێشت، ئەو تراژیدیایە قەوما، کە تەلەفزیۆنەکانی جیهانی شایەدی بوون. لە ئەنجامدا بۆ پاراستنی خەڵکی کورد و عێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەرکرد. پاشان بە پێشنیاری ئینگلیز و هەوڵی چەند لایەنە بە تایبەت تورگوت ئۆزالی خوالێخۆشبوو سەرۆکی ئەوکاتەی تورکیاوە، هەروەها دەوری کاریگەری ئەمریکا (ناوچەی ئامنە) لە کوردستان ڕاگەیانرا، ئەمجارە بڕیاری (حەزری جەوی) بەشێکی گرنگی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، پاش هەڵمەتی مرۆڤ دۆستانەی (UN) و ڕێکخراوە نا حکومییە نێودەڵەتییەکان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٩٨٦)ی دەرکرد بۆ یارمەتی گەلی عێراق بە فرۆشتنی نەوت بەرامبەر خۆراک، کە (١٣٪)ی بۆ خەڵکی هەرێمی ئازادی کوردستان تەرخان کرا.

گەلی کورد لە سایەی ئەم بار و دۆخەی، کە نزیکەی (٩) ساڵ بەردەوام بووە، هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی ئەنجام داوە، حکومەتێکی هەرێمی پێکهێناوە. دام و دەزگا حکومییەکانیان دامەزراندووەتەوە و ئارامیی بە خەڵک بەخشیوە. بە پێی توانا چارەسەری هەندێک کێشەی ئابووری و ژیانیی و خزمەتگوزاریی و پەروەردەیی و تەندروستی و ڕۆشنبیریی کردووە، بەلام لە ئاستی کێشەی میللی کوردەوە ساڵی (١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستان بە پشتیوانی میللەت و گشت حزب و گروپە سیاسییەکان بڕیاریداوە، کە کوردستان بە پارچەیەک لە عێراق بمێنێتەوە. یەکبوون و سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق بپارێزێ و پەیوەندیی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزیی بەغداوە لەسەر ئەساسی فیدرالیزم دابمەزرێت.

ئێمە ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستانمان بە تاقیکردنەوەی دیموکراتی ناو لێناوە، تێیدا هەوڵمان داوە ئازادیی بیروڕا و مافی دیموکراتی و فرە حزبی و فرە کولتوری و ئایینی و نەتەوەیی بپارێزرێت، بەلام ئەم تاقیکردنەوەیە هێشتا ئایندەیەکی ڕوونی نییە، لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیی هێشتا تەماشای وەزعی ئێمە تەنها لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە دەکەن، لەگەڵ سوپاس بۆ ئەم هەڵوێستە کە ئەویش پێویستە، بەلام چاومان لە ئاوڕدانەوەی سیاسییە، لەم بارەیەشەوە ڕووی قسەمان لە (UN)ە، کە بەشێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتیی موعالەجەی مەسەلەکەمان بکرێت.

ئەم پرسیارە جێگەی نیگەرانیی خەڵکی کوردستانە، بۆ نەمانی ئەم مەترسیانە داوا دەکەین هەر لە ئێستاوە سیاسەتێکی واقیعی گونجاو لەسەر بناغەی مافی چارەنووس و مافی مرۆڤ و مافی گەلانی بەشخوراو، کێشەی کورد چارەسەرییەکی عادیلانەی بۆ دیاری بکرێ. ئەو ڕاستییە مێژووییەش دەڵێین: کە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێککەوتننامەی لەگەڵ مستەفا بارزانی بۆ یەکەمین جار بە یاسایەک وجودی نەتەوەی کوردی ناساند و پاشان بە یاسایەک مافی ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند. هەرچەندە کەم و کوڕیی تێدا بوو، بەلام تاکە بەڵگەنامەی قانونییە لە سەدەی بیستەمدا لە حکومەتێکی مەرکەزییەوە بۆ کورد دەرچووە. ئەوەمان قەت بە کەم نەزانیوە، بەلام پەرەپێدانی ئەو دەسکەوتەمان ویستووە لەگەڵ نەمان و هەڵوەشاندنەوەی ئیجرائاتی بە عەرەب کردن و گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی زۆر جێگەی کوردستان، وەک کەرکووک و خانەقین و سنجار و زمار و مەندەلی و شێخان و جێگەی تر و گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆ سەر ئەرز و ماڵ و شاری خۆیان.

... ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا ئەمە یەکەم جارە کە کۆنفرانسێکی بەم جۆرە فراوان و زانستی یانە بگیرێت و کەسایەتییەکی زۆری زانا و شارەزا و ئاکادیمی و دیپلۆمات و سیاسی بەشداریی تیادا بکەن. هیوادارین ئەنجام و پێشنیار و بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسەمان پێبگات و لە ژمارەکانی دوایی دا بڵاویان بکەینەوە.

www.arsivakurd.org

# کورد بەدوای ناسنامەدا

ڕۆژانی ١٧-٤/١٨/ ٢٠٠٠، زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن بە هاوکاریی مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی و دیراساتی کوردی، بە بەشداریی نوێنەری حکومەتی ئەمریکا و نوێنەرانی چەند باڵیوێزخانەی وڵاتانی جیهان وەک ڕوسیا، ئیسپانیا، کوێت و... و زیاتر لە ٢٥٠ سیاسەتمەدار، پسپۆر و ئەکادیمی خۆرهەڵات ناس، لێکۆڵەرانی کوردناس، مەڵبەند و ناوەندە جیهانییەکانی دیراسات و ڕۆژنامەوانی جیهانی، کۆنفرانسی (کورد بەدوای ناسنامەدا) پێکهێنا.

تەوەرەی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە: «کورد و ململانەی جیهانی»، «هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەمریکا، ئەوروپا، ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربارەی دۆزی کورد»، (کێشەی کورد و دەوڵەتی عێراق»، «فیدرالیزم وەک نمونەیەکی چارەسەر»، «کێشەی کورد و وڵاتی تورکیا»، «کێشەی کورد لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە»، «دۆزی کورد و ئێران لە دیدگای گۆڕانکاریی یە نوێیەکانی کۆماری ئیسلامییەوە» و «ئەزموونی دیموکراسی خەڵکی کوردستانی عێراق».

یەکەم بابەتی کۆنفرانسەکە، لێکۆڵینەوەی د. میشێل کولنس دەن بوو دەربارەی (دیدگای عەرەب بۆ کێشەی کورد). فرانک ڕیچارد دۆنی بەرپرسی دۆسیەی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق دوا و بە ستایشەوە باسی لە ئەزموونی کوردستانی عێراق و هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق کرد. د. کەندال نەزان سەرۆکی ئەنیستیتۆتی کورد لە فەرانسە پەنجەی بۆ دیدگای ئەوروپا دەربارەی دۆزی کورد ڕاکێشا، د. پاڵ گوڵبە لە ڕادیۆی دەنگی ئەوروپای ئازاد ئاماژەی بە تێڕوانینی ڕوسیابۆ دۆزی کورد کرد و... هتد. یەکێکی تر لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە، سەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بوو. بارزانی لە گوتنەکەیدا پەنجەی بۆ کێشەی نەتەوەی کورد ڕاکێشا و لە بەشێکی دا گوتی:

کێشەی کورد لەوەوە هاتووە، کە میللەتێکی دێرینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناوی کورد دەیان سەدەیە تووشی غەدری مێژوویی بووە. سەرەتا ئەگەر جیهان دان بە بوونی میللەتێک بەناوی کورددا بنێت، کە زمان و شەخسیەتی میللی و کولتوریی و داب و نەریت و خاکی خۆی هەیە، ئەوە دەبێت لە ڕیشەی مێژووی ئەو، کە لە نووسراوی سۆمەرییەکان ناوی کورد هاتووە، کە خەڵکی کورد لە جێگای جوگرافیای ئێستای کورد ژیاون، پاشان لە نووسراوی مێژوویی یۆنانی هاتووە، ئەمجا لە زۆر سەرچاوەی تردا.

لە هەزارەی دووهەمی زایینیدا ناوی کوردستان وەک نیشتمانی کورد هاتووە بە درێژایی هەزار تا هەزار و دووسەد ساڵ لەمەو پێش ، تا سەدەی نۆزدەهەم چەند ئیماراتی گەورەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراوە، هەریەک



**ئەگەر خەڵکی کوردستان بە ئاگری سامانی نەوت سووتاوون و بوون بە قوربانی، ئایا نابێ کۆمەڵەی نێودەوڵەتی شتێک بکەن تا ئەمجارە کورد لە کێشەی ئاودا نەخنکێ.**

لەو ئیماراتانە بە پێی پێوان و هەل و مەرجی ئەو سەردەمانە، کە تێیدا بوون بە دەوڵەتێک ژمێراون، کورد لە گشت شارستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشدارە، پیاوی زانا و بە توانا و لێهاتووی کورد لە دامەزراندن و پێشکەوتنی شارستانی میزۆپۆتامیا و ئێران و شارستانی ئیسلامی و عەرەب و عوسمانی ڕۆڵی بەرزیان هەبووە. کولتوری ناوچەکەیان بە زانست و هونەر دەوڵەمەن کردووە....

کورد لە ڕەوڕەوەی مێژوودا بەرزی و نشێوی زیادی بینیوە. تەمەنی زیاتر مەینەتبار و تراژیدی بووە، بەتایبەتی، چونکە خاکی کوردستان هەر لەمێژە مەیدانی شەڕ و ململانێی هێزی سەربازیی ئیمپراتۆرییەکان و دەوڵەتانی دەوروبەر بووە. هەر لە سەدەی بیستەمدا بۆ نمونە بەشێکی سەختی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر خاکی کوردستان ڕوویدا. نزیکتریش شەڕی عێراق و ئێران تەواوی کوردستانی گرتەوە. ئاکامی ناخۆشیی شەڕی دووهەمی کەنداو لە ساڵی (١٩٩١)دا، کارەساتەکەی بە کوردستانی عێراق گەیشت، لەبەر ئەو هەموو شەڕ و ململانێیە، کە سەربازیی و ئابووریی و دیپلۆماتی و هەمە لایەنە بوون، خەڵکی کوردستان هەمیشە بەهایەکی گەورەیان داوە، وڵاتەکەیان وێران بووە و مافیان پێشێل کراوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بڕوانینە وەزعی کوردستان دەبینین بە درێژایی جەنگی سارد کوردستان چ قوربانییەکی داوە و چ زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە...

تەنها بۆ ئەوەی لە یاد نەکەین دەچینە سەر ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەڵێین: ئەو شەڕە بۆ دابەشکردنی بازاڕی جیهانی بوو، بەڵام کوردستان و زۆر نیشتمانی تر کەوتنە بەر دابەش بوون لە نێوان ئینگلیز و فەرانسا و ئەمجا ئەمریکا و وڵاتانی تری کۆلۆنیالیزم هۆی ڕاستەوخۆی دابەش بوونی

www.arsivakurd.org

# فەرهاد شاکەلی:
# گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە

بە جێت دەهێڵم، بە دڵتەنگی دەڕۆمەوە بۆ وڵاتی غەریبایەتی، سەرم پڕە لە نەوای ئەوینێکی بریندار، چەپکێ خەمی ئەرخەوانی دەگرمە دەستمەوە، دەیکەمە دیاریی سەفەری وڵاتی حەز و باران و سەوزایی، دەیبەمەوە بۆ شەوی خەڵوەتخانەکەم، دەیکەمە مۆم، لەبەر تروسکەکەیدا ئایەتی عەشق، ئایەتی عەشقی تۆ دەخوێنم.

کاکۆڵی تۆزگرتووم ناتەکێنم، گەڵای نەمامی دڵمە گەردی خەونی لێ نیشتووە. دەڕۆمەوە بۆ شاری تاریکایی، بۆ گەڕەکی بێدەنگی، دڵم دەدەمە دەست پیری مەیخانەوە، لە کووپەی کۆنەشەرابێکی هەڵکێشێ، برینەکانم بە گڕی مەی تیمار کات. دەڕۆمەوە؛ نە قرچەی هاوین و نە چلەی زستان ناهێنمەوە یاد، بە بەردەبازی بیرەوەریدا دەپەڕمەوە بۆ کوێرەدێیەکی تەماوی، بۆ کوێرەدێی ساڵانی منداڵیم، بە تاڵێ قژی تۆ دڵی خۆم دەپێچم. دەبێتە تەزوویەک ناخی ڕۆحم دەهەژێنێ. دەبێتە پەنجەی هەتاو درز دەخەیتە شەختەی ئەم وەرزی سەهۆڵبەندانە.

بە جێت دەهێڵم. ئەو ڕۆژانە پڕ بوون لە ڕەنگ و دەنگ و بۆن. زەوی لە بەرپێتا دەبوو بە تووڵەڕێی مێرگێکی هەوریشمین، ئاسمان بەسەر سەرتەوە پووڵەکەی ئەستێرەی زەردوسووری دادەباراند. وەک لاولاوێکی سپی بە گژ باڵاخانەی شیعرەکانما دەچووی، وەکوو دەوەن دەبوومە پەرژینی خەونەکانت. بۆنی قژت شەوبۆی ئەو دەشتانەی بێدار دەکردەوە، گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە. سەوز بووی، شەپۆلی زەریات دەلاواندەوە. دەسبازیم لەگەڵ شنەی ئێواراندا دەکرد، لەگەڵ بۆنی کراسی خەواڵووتا تێکەڵ دەبوو. لە شەوی سەرەتای هاویندا یەک خەونمان دەبینی؛ یەک خەونی هاوبەش، بە گوڵاڵەی تەمەنت دەتخەملاند؛ خەونی کەشتییەکی مەست و خەواڵوو، خەونی بەندەرێکی تاریک، دوو زەریاوان، خەونی تاریکەشەو، شەپۆلی هەزاربەهەزار، تۆف و ڕەهێڵ و بۆران، خەونی منداڵیی من و تۆ لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامچەی ئەم سەدە رووتەدا.

چاو دەبڕمە باڵات، پەیکەری شازادەیەکی دڵبەری، لەژێر وردەبارانی نیگای تاسەبارما زێرکفت دەبی. لێوت ئاسۆی بەربەیانە، ویردی گزنگ دەخوێنێ. ویردی جیابوونەوە دەخوێنین، وەک برژانگ خەم دامدەگرێ، وەک فرمێسک لێم دوور دەکەویتەوە؛ دەبیتە پەڕەی گوڵ، وەکوو دڵۆپێ ئاونگ بەسەرتا دادەچۆڕێم، ون دەبم. دەبینە گڕ و دووکەڵ، پشکۆ و سوورایی، دەبینە ئاو و کانی، زەردەخەنە و لێو، دەبینە پەلکەڕەنگینە.

بە جێت دەهێڵم، لە ڕۆخی زەریایەکی بێکەرانەدا، دەست دەکەیتە ملی نیگەرانییەکی شیرین، دەچیتەوە بۆ باوەشی تاریکایی، بۆ باوەشی تەنهایی. دەچیتەوە بۆ لای شەوی چاوەڕوانی. ڕۆژەکانت دارستانێکی شێدارن، دوور لە ئاوەدانی، شەوانیشت گۆلاوێکی مەنگ و قووڵ، پڕ لە سواڵەتی ئەستێرە و پڕ لە قژی هەڵوەریوی خۆر و مانگ.

٢٦-٦-١٩٩٧

## بەرهەمەکانی شاکەلی:

شیعر:

* پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، چاپی دووەم، کوردستان ٢٠٠٠.
* ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە، بەیرووت ١٩٧٧.
* هەوراز، ئوپسالا ١٩٨١.
* ژێ، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٨٥، چاپی دووەم، کوردستان ٢٠٠٠.
* نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، چاپی دووەم، کوردستان ٢٠٠٠.

En Pärla i drömmens grumliga damm, APEC, Stockholm 1998

چیرۆک:

* بۆنی تاریکی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، چاپی دووەم، کوردستان ٢٠٠٠.

لێکۆڵینەوە:

Kurdish Nationalism in Mam u Zin of Ahmadi Khani

بە ئینگلیزی ١٩٨٣، ١٩٩٢؛ بە سوێدی ١٩٨٥، بە عەرەبی ١٩٩٥، بە تورکی ١٩٩٦.

* پەخشانی هونەریی کوردی، تەرجەمەی تورکی: ڕۆهات ئالاکۆم، ئیستانبوول ١٩٩٨.

وەرگێڕان:

* فرمێسک و هونەر: تەرجەمەی ٢٠ شیعری گۆرانە لە کوردییەوە بۆ سوێدی؛ بە هاوکاریی بەختیار ئەمین و لارش بێکستروێم.
* بۆنی هەوری وڵاتەکەم: تەرجەمەی شیعری چواردە شاعیری کوردە لە کوردییەوە بۆ سوێدی؛ بە هاوکاریی چەند وەرگێڕی کورد و سوێدی.
* بۆریس پاستێرناک: لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، چاپی دووەم، کوردستان ٢٠٠٠.

www.arsivakurdi.org

و/ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە ساڵانێکە پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەددا هەیە، بەڵام پێوەندییەکە هەر بە هۆی نامە و تەلەفۆنەوە بووە نەک ڕووبەڕوو. ئەم جارە لە هەولێر چوومە خزمەت مامۆستا و بۆ یەکەمین جار چاومان بە یەکدی کەوت. بەداخەوە تەمەن و بڕێکیش تەنەندروستی تەنگی پێ هەڵچنیوە.

ئەمڕۆ لە هەموو کوردستاندا و لەناو هەموو ٣٠-٤٠ ملیۆنە کوردەکەدا مامۆستا مەسعوود محەمەد گەورەترین بیریارە. ئەو پیاوە هێندە بەرچاوڕوونە، هێندە بیری تیژە و هێندە دڵسۆزە کە بەڕاستی لە مێژووی کوردستاندا دیاردەیەکی دەگمەنە.

مامۆستا مەسعوود لە سەردەمێکی زۆر دەگمەن و ڕێزپەڕیشدا دەژی. ئەو وەک تاکە بیریارێکی گەورەی کورد زۆر بەرهەمی گرنگ و قووڵی پێشکەش کردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی گەورەی خوێنەواری کورد فکر و بەرهەم و کەسایەتیی ئەو پیاوەیان نەناسیوە. فکر و فەلسەفە هەر وایە، خوێنەری ئاسایی و سادە ناتوانێ تێی بگات، بەڵام دەبوو ڕووناکبیران بە ئامانجی ناساندنی بیر و بەرهەمی مامۆستا، بە هۆی لێکۆڵینەوەوە، خوێنەری کوردیان لە بیری مامۆستا نزیک بکردایەتەوە. دەبوو کۆمەڵێ سەمینار و کۆنفرانس لەبارەی بیری مەسعوود محەمەدەوە ڕێک بخرێت، کاری وا دەبێ لە پێشدا لە کوردستان بکرێت. من لێرە هەوڵی ئەوەم دا بانگهێشتنی بکەین بۆ زانستگەی ئوپسالا و زانستگەش بڕیاری لەسەر دا و زۆر پرۆگرامی باشیشمان بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام ڕێژیمی عیراق ڕێگەی دەرچوونیان بە مامۆستا نەدا، چونکە قەدەغەی لەسەر بوو.

بەرهەمی تازەی مامۆستا سێ کتێبن: بەرگی سێیەمی مرۆڤ و دەوروبەر، (المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين؟) و ژیان و جیهانبینی، کە وتووێژێکی دوورودرێژە.

من بیرە فەلسەفییەکانی مامۆستام زۆر بەلاوە گرنگن، چونکە لە دەشتی وشک و شۆڕەکاتی بیری ئەمڕۆی کورددا تەنیا مامۆستا مەسعوودە پەیامێکی گرنگی پێیە و زۆر بەرچاوڕوونانە و بوێرانە دەنووسێت و قسە دەکات.

دەزانم کەسانێک هەن دژی فکری مەسعوود محەمەدن، ئەمەش زۆر سروشتییە، بەڵام هەتا ئێستا کەسێک نەیتوانیوە بە فکر و بە بیروباوەڕ و بە لۆگیکی فەلسەفی وەڵامی بداتەوە. ئەوانەی شتیان دژی بیری مەسعوود محەمەد وتووە و نووسیوە کەسیان ڕووناکبیری جددی نین. ئەوەی کە نووسیویانە لە بازنەی جنێو و قسەی ڕۆژانەی ئیدیۆلۆگی نەچۆتە دەرەوە. ئەوەش، دیارە، بە فکر دانانرێ.

من خۆیشم ڕەخنەم لە هەندێ لایەنی بیری مامۆستا هەیە، بەڵام ئەمە هێندەی سەری دەرزییەک کار ناکاتە سەر ڕێز و خۆشەویستیی من بەرانبەر ئەو پیاوە.

پرسیار: لە چ ڕوویەکەوە ڕەخنەت لە بیری مامۆستا مەسعوود هەیە؟

و/ مامۆستا مەسعوود نووسەرێکی فرەلایەنەیە. لایەنە گرنگەکانی بەرهەمەکانی ئەمانەن: فکری فەلسەفی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی. لەبواری زمانەوانیدا، بۆ نموونە، هەندێ دیتن و باوەڕی هەن کە من پێم وایە لەگەڵ بنەماکانی زمانەوانیی تازەدا ناگونجێن. ئەمەش بە نۆرەی خۆی کاری کردۆتە سەر ئەوەی لە ڕووی ڕێنووسیشەوە تووشی هەڵە ببێت. هەروەها لە بەکارهێنانی تێرمینۆلۆگیی زمانەوانیدا یەک دوو جارێک بینیومە ئامانجی نەپێکاوە، کە ئەمە لە کاری زانستیدا قەبووڵ ناکرێت.

مامۆستا بەرانبەر ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسەکان زۆر دڵفراوان و خۆشباوەڕە. لێتی ناشێرمەوە، منیش پێش ئەوەی بێمە ئەورووپا و ڕەنگە تا سێ چوار ساڵێکیش وام بیر دەکردەوە. ئێستا ئەو تیۆرییەی کە کاری ڕۆژهەڵاتناسەکان دەخاتە گومانەوە، بە ناوی بیریاری فەلەستینی ـ ئەمەریکایی ئیدوارد سەعیدەوە تۆمار کراوە. باوەڕ بکە من پێش خوێندنەوەی کتێبی (Orientalism)ی ئیدوارد سەعید گەیشتبوومە ئەو گومانە. من پێم خۆش بوو مامۆستا مەسعوود لە پاڵ هاندانی ڕووناکبیری کورددا بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە و مێژووی کوردستان، ئەوەشی بۆ ڕوون بکردایەتەوە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان، با بڵێین زۆربەیان، سەرباری سەرلەپێناوی زانست و زانستخوازی نین، بەڵکە نوێنەری بەرژەوەندی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمن.

ئەم سەرنجانەی من هەموو دەکەونە ئەو چوارچێوەیەوە کە دەکرێ بە تەماشاکردن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ناو ببرێت، دەنا بە شانازییەوە دەڵێمەوە کە ئەمڕۆ لە هەموو کوردستاندا مامۆستا مەسعوود محەمەد گەورەترین بیریارە.

پرسیار: هەر بە کورتی، لەبارەی ئەم چەمک و ناوانەوە دەڵێن چی؟

ئاڵای کوردستان، بارزانی، ئیسلام، ئاوارەیی، کۆمونیزم، ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی.

وەڵام:

ئاڵای کوردستان: هەر ئەو خەونەیە کە کاتی خۆی خانی و حاجی دەیانبینی و ئەمڕۆش پەشێو و تۆ و من دەیبینین. لەوە دەترسێم کە هاتە دی ئێمە لە سێبەریدا نەژین.

بارزانی: لە هەموو سەدەی بیستەمی مێژووی کوردستاندا، مەلا مستەفای بارزانی بە گەورەترین سەرکردە دادەنێم. ناشمەوێت ئەم قسەیەم وەک پەسندانی پارتیی دیموکراتی کوردستان تەفسیر بکرێت، چونکە بارزانی سیمبوڵە بۆ هەموو کورد، بە یەکێتی و پارتی و نەتەوەپەرست و کۆمونیست و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە. پارتی بەوەی کە خۆی دەکاتە تاکە خاوەنی بارزانی زیانێکی گەورە بە ناو و ناوبانگی بارزانی دەگەیەنێت.

ئیسلام: لە شارستانیتیی مرۆڤایەتیدا نەخشێکی یەکجار گەورە و گرنگی هەبووە. لە داهاتووی مرۆڤایەتیدا نەخشێکی زۆر گەورەتریشی دەبێت.

ئاوارەیی: مەینەتێکی هەزارڕەنگە بە هیچ، تەنانەت بە مردنیش، لێم نابێتەوە. مەینەتخانەیەکە کە هەرگیز لێی ڕزگار نابین.

کۆمونیزم: لاپەڕەیەکی ڕەش، یا سوور، بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. چەندە بە ڕووخانی ئەو سیستێمە دڵخۆش بووم، لەوە زیاتر بە سەرکەوتنی قسەی ڕۆژاوایی و ئیمپریالیستەکان دڵگران بووم.

ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی: کە لە کوردستانیش بووم زۆر جار ئەم پرسیارەیان لێ کردم. ئێستاش هەر ئەو وەڵامە دەدەمەوە. ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەمووی یەک دوو هەنگاوێک لە سفر دوور کەوتووەتەوە.

www.arsivakurd.org

نووسەر دەزانن و کتێبیان بڵاو کردۆتەوە. لە هەموو ئەوروپادا ڕەنگە پێنجسەد کەسێکی وا هەبن. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمانە نووسەرن؟ ڕووناکبیرن؟ بێگومان نا. بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بە نووسەر و ڕووناکبیر دەزانن ئەو کۆنە کادر و سیاسەتمەدارانەن کە دوای تێکشکانی سیاسی ئێستا ڕوویان کردۆتە ئەم بازاڕە. ئێمە کۆمەڵێ خەڵکمان هەن کە پێش ئەوەی بێنە ئەوروپا، نووسەر و ڕووناکبیر بوونە و کتێبیان بڵاو کردۆتەوە و لە بواری ئەدەب و فەرهەنگی کورددا جێدەستیان دیار بووە. ئەگەر کاتی خۆی نیگەرانییەکیان هەبووبێت، ئەوە بووە کە سەرەڕای ڕاونرانیان لەلایەن ڕێژیمەکانەوە، هەندێ لەم



سیاسەتمەدارە ژدانۆڤیست و ستالینیستانەش خۆیان و بەرهەمەکانیان ڕاو ناون. کەچی ئەمڕۆ کابرای کۆنە سیاسی و کۆنە نازانمچی دێت بەرانبەرت دەگرێت و باسی فەرهەنگ دەکات و بە شانوباڵی ئازادیی بیروباوەڕدا هەڵدەدات!! بێگومان کەسێک ڕێزی وشە و فەرهەنگ بگرێت، ناتوانێت لەگەڵ ئەمانەدا کۆ ببێتەوە. هۆیەکی دیکەش بیرکردنەوەی خێڵەکی و ناوچەگەرییە. چی بڵێم، هەر لێ گەڕێ...!

پرسیار: کۆمەڵگەی کورد لە ئەوروپا یا لە دەرەوەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی پەرت و ناتەبایە. بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیە ببێتە گرۆیەکی خاوەن دەنگ و قورسایی، ببێتە لۆبییەک، دەبێ چی بکرێت؟ ئایا ڕێکخراوی وەک فێدەراسیۆنی کورد لە سوێد، یا ئەنستیتووتەکانی کورد لە پاریس و برۆکسەل، دەتوانن لەم ڕووەوە چی بکەن؟

و/ وەرامی ئەم پرسیارەش پێوەندییەکی پتەوی بە وەرامی پرسیاری پێشووەوە هەیە. لەوەش بترازێ هۆکاری دیکەش لەم ڕووەوە ڕۆڵیان هەیە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خۆی پەرت و بڵاوە و بێبەرنامەیە. ئەمەش بەئاشکرا لەناو کوردی دەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. کوردی دەرەوەش خۆیان گرۆیەکی هاوچەشن نین. پاشخانی زۆر جیاواز و دوورلەیەکیان هەیە. ئەوەشت لە بیر نەچێ کە دەوڵەتانی ئەوروپاش دەستیان خستۆتە ناو کوردەکەوە و هەوڵ دەدەن یارییان پێ بکەن و بە کاریان بهێنن.

خۆشبەختانە من لەو کەسانە نیم کە بە شان و بازووی کەسێکی وەک (مەدام میتراند)دا هەڵبدەم و بیکەم بە دایکی کورد، هەر لەبەر ئەوەی دوو سێ جار سەری کوردستانی داوە، یا لە دوو جێگە ناوی کوردی هێناوە. ئەمە گاڵتەکردنە بە کورد و دابەزاندنی ئاستی مەسەلەکەیەتی و خۆدزینەوەیەکی ڕێوێئاسای سیاسەتمەدارانی ڕۆژاوایە لە مەسەلەی کورد. هەروەهاش ڕێکخراوە ناحوکوومەتییەکانNGO بە فریشتەی خێر و بەرەکەت دانانێم، کە بە مووچەی پێنج قات و دە قات دەچنە کوردستان، بۆ ڕابواردن و بۆ دزی و، بەڵام هاوکاتیش بۆ مەبەستی دیکەی نهێنی و بۆ ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە و بڵاوکردنەوەی ژەهری ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگی و سیاسیی ئیمپریالیستانە.

ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی ناوت هێناون و زۆری دیکەش، هیچیان بە خواست و بە ویستی کورد خۆیان دروست نەکراون و بڕیاریان بە دەست خۆیان نییە. ئەمانە لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسا و بنەمایەکدا دامەزرێنراون کە ڕێگەیان پێ نادات «کوردایەتی» بکەن. هەر کامێکیان دەگریت سیاسەتێکی لە پشتەوەیە و بۆ ئامانجێکی تایبەت و بەپێی بەرنامەیەکی پشوودرێژانە بەڕێوە دەبرێن و بەخێو دەکرێن. ڕەنگە بەشێک لە کارمەند و کادرەکان خۆیشیان ئاگایان لەو ڕاستییە نەبێت و پێیان وا بێت خزمەتی کورد دەکەن. ئەمانە ئەگەرچی ساڵانێکە لە ئەوروپا دەژین بەڵام لەناو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا بەپێی بنەماکانی دیمۆکراسی کار ناکەن. بێجگە لە دەیان دیاردەی ناشیرینی دیکە کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە. کەواتە ئەمانە ناتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن.

لەوەیە ئەگەر هەلومەرجی کوردستان بە جۆرێک پێش بکەوێت کە بەرنامە و ئامانجی ڕوون هەبێت و هێزێک بتوانێت ببێتە ژمارە یەک، ئەودەم ئەمە کار بکاتە سەر کوردی دەرەوە و بەرەو ئەوە بچن، کە ببنە لۆبییەک.

پرسیار: ئێمە دەزانین کە تۆ دۆستێکی نزیکی مامۆستا مەسعوود محەمەدیت و بیروباوەڕەکانیت پێ باشن. ئایا لەم سەردانەی کوردستاندا چاوت پێ کەوت؟ بەرهەمی تازەی مامۆستا چییە؟

www.arsivakurd.org

تازەدا بەردەوامن. ئەوانی دیکە یا هەر بە تەواوی لێ چوونەتەوە، یا هیچی تازەی ئەوتۆیان پێ نەماوە. دوای قۆناغی مامۆستا گۆران، شاعیرانی حەفتاکان، هەڵبەتە شاعیرە باشەکان، تەوژمێکی یەکجار بەگوڕ بوون و سیمایەکی ئاشکرا و لە گۆران جیاوازیان هەبوو.

ئەو شاعیرانەی لە هەشتاکانەوە دەستیان پێ کردووە لە ڕووی هونەرییەوە نەیانتوانیوە بەرهەمێک پێشکەش بکەن کە خۆی لە بەرهەمی نەوەی ئێمە ڕاپسکاندبێت. بەشێکی زۆریان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە بەرهەمێک بنووسن وەک بەرهەمی شاعیرە چاکەکانی نەوەکەی ئێمە، بەڵام مەرج نییە لەمەدا سەرکەوتبێتن.

گرفتێکی هەرە گەورەی نەوەی هەشتاکان و نەوەکەی دوای ئەوانیش زمانە. بەڕاستی ئەو زمانە کوردییەی کە لەسەر دەستی گۆران و نەوەکەی دوای گۆران گەیێنرایە، و گەیێنراوەتە، پلەیەکی بەرزی جوانی، ئێستا بە هۆی ناشارەزایی و تێکچوونی میزاجی کوردەواریی بەشێکی زۆری نووسەرانی ئەمڕۆوە، بەرەو پووکانەوە و ژاکان دەچێت. دیسانەوە دەمەوێ ئەوە جەخت بکەمەوە کە من نامەوێ هەروا بە شێوەیەکی گشتی هەموو نووسەرانی نەوەی هەشتا و نەوەدەکان تێوە بگلێنم. بێگومان لەناو ئەوانیشدا دەنگی ڕەسەن و بەهرەدار هەیە و تێکستی چاک و سەرکەوتووش هەیە. ڕەنگە من بۆم نەلوابێت بە ڕێکوپێکی هەموو بەرهەمەکانیان بخوێنمەوە، بەڵام دیسانیش هەست دەکەم لێرە و لەوێ هەندێ دەنگی ڕەسەن و هەندێ تێکستی سەرکەوتوو هەن.

پرسیار: زمانی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە باسە گرنگەکانی ناو ڕووناکبیرانی کورد، دوای سەردانەوەی ئەمجارەی کوردستان، ئەم باسە چۆن دەبینیت؟

و/ لە کوردستان، لە پاڵ کۆمەڵێ شتی چاک و دڵخۆشکەردا، گەلێ شتیش هەن، دەبنە هۆی نیگەرانی. من کە لەوێ بووم بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ چۆن و لە کوێوە دەست بکرێتە ڕاستکردنەوە و چاککردن. یەکێک لەو شتانە وەزعی زمانی کوردییە. ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی لە بوارێکی یەکجار پانوپۆڕ و بەربڵاو و تا ڕادەیەکی باشیش لە کەش و هەوایەکی ئازاددا، بە کار دەبرێت. ئەگەر سانسۆر و سنووردانانێکیش هەبێت، بۆ زمانەکە خۆی نییە، بەڵکە بۆ هەندێ ناوەڕۆک و هەندێ باسی سیاسی و فکرییە. ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی کە هەر زمانە کوردییەکە خۆی قەدەغە بێت و ڕێگا نەدرێت بە کار بهێنرێت. لەم هەلومەرجەدا دەرفەتێکی چاک و یەکجار دەگمەن هاتۆتە پێشەوە بۆ پێشخستن و بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، هەر نەبێ لەو بەشەی کوردستاندا. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەوێ دەبینرێت ڕێک بە پێچەوانەوەیە. ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە بواری ڕێزمان و ڕێنووسدا زاڵە، لە هیچ سەردەمێکدا ڕووی نەداوە، ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە بەکارهێنانەکە چەند فراوان و بەربڵاوە لە گوێرەی ڕابوردوو. جوانکاریی زمان، یا بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی جوان و هونەرمەندانە، لەژێر تەپوتۆزی هەرەسهێنانی دیوارەکانی ڕێنووس و ڕێزماندا وردە وردە ون دەبێت. ئەم بەرەڵڵایی و ناماقووڵییە دەکرێ چارەسەر بکرێت. ئەمە بە تەنیا بەرپرسیاریی زمانزان و نووسەر و ڕووناکبیران نییە، بەڵکە بەرپرسیاری و ئەرکی سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدار و سەرکردەکانیشە. چارەسەرکردنیش تەنیا مەسەلەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکە پێوەندیی بە شێوەی بیرکردنەوەی سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدارانیشەوە هەیە؛ چ لەبارەی پاشەڕۆژەوە و چ لەبارەی جۆری تێگەیشتنەوە لە مێژوو، شارستانێتی و لە جێگەی نەتەوەی کورد لەو ناوەندانەدا. من وا هەست دەکەم بەشێکی ئەم کارەساتە زمانەوانییە ئەنجامی دەستتێوەردانی کەسانێکە لە دەرەوەی کوردستانەوە دەیانەوێ بیروباوەڕی ناکوردانەی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن. هەم لە پرۆسەی پاشاگەردانییەکە خۆیدا و هەم لە چارەسەرکردنیشیدا، ڕۆڵی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەمووان زیاترە، لەبەر گەلێ هۆ، کە هیوادارم دەرفەتی لەبار بێتە پێشەوە بۆ ڕوونکردنەوەیان. چارەسەرکردنی ئاژاوە و ناڕێکیی زمان لە چوارچێوەی سیاسەتی فەرهەنگیدا Cultural Policy دەبێت. لە کوردستاندا سیاسەتی فەرهەنگی نییە و پێم وایە هیچ کەسێکیش لە دەستەڵاتداران نە لێی دەزانێت و نە بیری لێ کردۆتەوە.

پرسیار: دوا بەرهەمت چییە؟

و/ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ساڵانێکە فێری ئەوە بوومە، هاوکات لەسەر دوو سێ پرۆژە یا بەرهەمی ئەدەبی کار بکەم. ڕەنگە ئەمە خوویەکی باش نەبێت، بەڵام بۆ من وا باشتر دەلوێت.

ئێستا دیوانێکی تازەم ئامادەیە بۆ چاپ، بەو هیوایەی ئەمساڵ بڵاوی بکەمەوە. شانۆنامەیەکی (ئاوگوست ستریندبێرگ)م کردۆتە کوردی و لەوانەیە ئەم بەهارە بگاتە دەست خوێنەری کورد. کاتی خۆی لێکۆڵینەوەیەکم بە ئینگلیزی لەبارەی ڕووناکبیرانی کوردەوە نووسیوە، ئەگەر بۆم ڕێک بکەوێت هەوڵ دەدەم سەرلەنوێ کاری تێدا بکەم و بۆ بڵاوبوونەوەی ئامادە بکەم. یەک، دوو وردە پرۆژەی دیکەشم هەن، خوا یار بێت، هێدی هێدی خەریکیان دەبم.

پرسیار: ئێستا چی دەخوێنیتەوە؟

و/ لە خوێندنەوەشدا هەر وام. هاوکات دوو سێ کتێب دەخوێنمەوە. لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵە شیعری Birthday Lettersی (تێد هیووز)ی شاعیری ئینگلیزی دەخوێنمەوە. دوو سێ سەرچاوەی چاکیشم بە دەستەوەن لەبارەی تیۆریی (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبییەوە.

پرسیار: ڕۆژی چەند سەعات دەخوێنیتەوە؟

و/ دڵنیا نیم. ئەمە پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانە و کار و زۆر شتی دیکەوە هەیە. پێم وایە ئەگەر تێکڕا وەریبگرین، ڕۆژی تا سنووری دە سەعات دەخوێنمەوە.

پرسیار: ئەگەرچی ئەوە ساڵانێکی دوورودرێژە کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین، کەچی تا ئێستا نەیانتوانیوە کۆمەڵەیەکی یا یەکێتییەکی نووسەران دروست بکەن. هۆی ئەمە بە لای ئێوەوە چییە؟

و/ ئەو ئاژاوە و پشێوییەی لە دەرەوەی وڵات هەیە، تەنیا لەناو نووسەران و ڕووناکبیراندا نییە، بەڵکە هەموو لایەنەکانی ژیانمانی گرتۆتەوە. من خۆم ئەگەرچی ئەوە نزیکەی بیستوسێ ساڵە لە ئەوروپا دەژیم، بەڵام هەرگیز نەمویستووە تێکەڵی ئەو جۆرە هەوڵدانانە ببم کە بۆ دامەزراندنی یەکێتی و کۆمەڵەی نووسەران دراون، چونکە دەمزانی بەر ناگرن.

هۆ زۆرن. هۆیەکی گرنگ، بێگومان، سیاسەت و حزبایەتییە. نووسەرێک بیەوێت سیاسەت و ئیدیۆلۆگیی حزب و تاقمەکەی خۆی لەناو کۆمەڵەیەکی ئەدەبیدا پیادە بکات، دیارە وەک نوێنەری حزبێک هاتووەتە پێشەوە نەک وەک نووسەر و ڕووناکبیر.

هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە پێناسەیەکی ڕاست و باشمان بۆ نووسەر و ڕووناکبیر نییە. ئەمڕۆ لەم سوێدەدا کە تۆ و منی تێدا دەژین، بە لای کەمەوە دووسەد کەسێک هەن کە خۆیان بە





www.arsivakurd.org

# ساتەپشوویەک لە مەینەتخانەکەی «فەرهاد شاکەلی»دا

ئامادەکردنی: ئاسی رەباتی



* ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە بواری رێزمـــان و رێنووســـدا زاڵە، لە هیچ سەردەمێکدا ڕووی نەداوە.
* دیوانێکی تازەم ئامادەیە بۆ چاپ.
* مامۆستا مەسعوود محەمەد گەورەترین بیریاری کوردستانە.
* من لەو کەسانە نیم کە بە شان و بازووی (مەدام میتران)دا هەڵبدەم.
* لە هەموو سەدەی بیستەمدا، بارزانی بە گەورەترین سەرکردەی کورد دادەنێم.

---

فەرهاد شاکەلی هەر نووسەر و شاعیرێکی ناسراوی کورد نییە، بەڵکو بیریار و ڕووناکبیرێکی بەتواناشە کە هەمیشە سەری بەسەر کتێب و فەرهەنگدا شۆڕکردۆتەوە و زۆربەی کاتی ڕۆژانەی هەر خەریکی خوێندنەوە و خوێندنەوە و خوێندنەوەیە، بۆیە نووسینەکانی هەمیشە کەم و پوخت و پاراون.

شاکەلی لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیدا شاعیرێکی دڵتەڕی بەزەوق و موریدێکی شێخ رەزایە، بەڵام لە بواری جدیات و نووسین و دەرەوەدا ڕێبوارێکی ڕێگای سۆفیگەرییە.

کاک فەرهاد یەکێکە لەو ڕووناکبیرە هۆشمەندە کوردانەی لە گەلێک کۆڕ و کۆمەڵ و سیمیناری زانستیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمریکا و کەنەدەدا هاوبەشیی کردوە و ڕۆڵی هەبووە، بۆیە لەمێژە نووسینەکانی سنووری خوێنەری کوردیان تێپەڕاندووە و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فرانسی و سوێدی و نەرویژی و عارەبی و فارسی و ئیسلاندی.

شاکەلی یەکێکە لەو نووسەر و بیریارە کوردانەی لە نێو نووسەران و ڕووناکبیرانی سوێدیشدا بەرهەمەکانی جێگای ڕێز و ستایشن، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی فەرهانگیی لە لایەن شارەوانیی (SOLLENTUNA)وە وەرگرت و ئەمساڵیش (٢٠٠٠) بەهۆی نووسینی پوخت و شاکاری ناسکیەوە لە دیوانی (مرواریيەک لە گۆمی لێڵی خەوندا) خەڵاتی پەخشخانەکانی سوێدیی لە پێشانگای (Rinkeby)دا پێ بەخشرا. بۆ زیاتر ناسینی کاک فەرهاد با زیاتر بچینە ناخی دنیای ڕەنگدارییەوە و چەند پرسیارێکی شەخسیی ئاراستە بکەین:

پرسیار: لە چاوپێکەوتنەکانی کوردستاندا کە باسی شیعری کوردیی حەفتاکان و هەشتاکانت کردووە، وا پێ دەچێت شاعیرانی حەفتاکانت زیاتر بە دڵ بێت و بە جۆرێکی ڕەخنەگرانە باسی شاعیرانی هەشتاکان دەکەیت. جیاوازیی ئەم دوو ئەزموونە لە چیدا دەبینیت؟

و/ نەخێر، مەسەلەکە بەدڵبوون و بەدڵنەبوون نییە. من کە بیر لە نەوەیەکی شیعری دەکەمەوە و سەرنج لە ئەدەبیاتی سەردەمێک دەدەم، لە پێش هەموو شتێکدا لە تێکست ورد دەبمەوە و تێکست دەکەمە دەروازەی چوونە ژوورەوە. دڵنیا بە لای شاعیرانی حەفتاکان و هەشتاکانیش تێکستی بەهێز و تێکستی لاوازیش هەیە. من زیاتر ئاشنای بەرهەمی حەفتاکانم چونکە خۆم یەکێکم لە شاعیرانی ئەو نەوەیە. با هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کە من هێندە باوەڕم بەم دابەشکردنە مێکانیکییە نییە، چونکە ئەمە جۆرە ستەمێکی تێدایە بەرانبەر بەشی هەرە زۆری شاعیران و شیعرەکانیان. ئەوجا خۆ ئەوەش ئاشکرایە کە ناکرێ وا دابنرێت نەوەیەکی شیعری دە ساڵ شیعر دەنووسێت و ئیدی جێگە چۆڵ دەکات بۆ کەسانێکی دیکە. شاعیرانی نەوەی حەفتاکان خاوەنی ئەزموونێکن کە ڕەنگە هەتا ئێستاش لە گەشەکردن و کامڵبووندا بێت.

لە نێوان شیعری حەفتاکان و هەشتاکاندا جیاوازی زۆرە. حەفتاکان نەوەیەکی دروست کرد کە لە زۆر شتدا لە یەکدییەوە نزیک بوون. بێگومان کۆمەڵە دەنگێک بوون، سەرەڕای نزیکییان، هەر کەسەش دەنگی تایبەت و کەسایەتیی تایبەتی خۆی هەبوو. لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا تێکڕا نزیکەی بیستوپێنج، سی شاعیرێک هەبوون، بەڵام لەناو هەموویاندا، ئەمڕۆ تەنیا شەش حەوت شاعیرمان ماون کە لە داهێنان و پێشکەشکردنی بەرهەمی

www.arsivakurdi.org

زمان

# جوتەپیت

نەوزاد وەلی

لە زمانی کوردییداجوتێک پیتی نابزوێن لە هەمان پیت ، بە دوای یەکتردا نایەن لە هەمان وشەدا، ئەمەش کێشەیەکی زمانەوانییە بۆ دروستکردووین و بەداخەوە لێکۆڵینەوەیەکیش لەم بوارەدا دیار نیە ، بەتایبەتیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە سەدان بلاوکراوەمان هەیە کە بێگومانە ئەم زۆرییەش لەم بارودۆخەی ئێستای گەلەکەماندا هەروەک سودی هەیە ، زیانیشی هەیە ، زیانەکەش ، بێگومانە تەنیا مەبەستم لە شێواندنی زمانەکەیە ، ئەگەر پەیرەویی ڕێزمان و ڕێسای نوسین نەکرێت ، هەر هیچ نەبێت پەیرەوکردنی ئەو ڕێزمان و ڕێسایانەی کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە لە باشووری کوردستاندا بەکارهێنراوە و کەم یان زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و دەوڵەمەند کراوە. بێگومان ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ڕێ لە لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بگیرێت.

ئەوەش فەرامۆش ناکرێت کە بارودۆخی تایبەتیی گەل و نیشتمانەکەمان و زۆریی دیالێکتەکانی و سەرباری ئەوەش کێشە هەمەجۆرەکان و دووبەرەکیی نێوان ڕۆشنبیران و نوسەران ، تێکڕا ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە کەمیی لێکۆڵینەوە لە کێشە هەمەجۆرەکانی زمانەکەماندا.

بەهەرحاڵ.. جوتەپیتی نابزوێن لەوشەی زمانە ئەوروپاییەکاندا ئاساییە و هەر زمانێکیش ڕێسای خۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە و بەگشتیی دەنگی پیتەکان لە وشەکەدا ئەوە دیاری ئەکات کە کام پیت جوت بێت. بۆ نمونە لە زمانی سویدیی و زمانە سکاندیناڤییەکاندا ، بزوێنەکان ڕۆڵێکی کاریگەر ئەبینن لەم بوارەدا.

زمانی عەرەبییش کە هەر لە دوای ئیسلامەوە بووەتە سەرچاوەی ڕێزمان و ڕێسای نوسین ، پڕە لە جوتەپیتی نابزوێن ، بەڵام لەم زمانەدا بە (شەددە ، فەتحە و زەممە) ، واتە بە نیوەدەنگی پیتەکان و هەڵوێستە لە نێوان دەربڕینی پیتی یەکەم و دووەمدا ، نوسینی جوتەپیت (ئەشارڕیتەوە).

گومان لەوەدا نیە کە نوسینی کوردییش بە چاولێکەریی لەم زمانە ، ئەو ڕێسایەی بەخۆوە گرتبێت کە جوتەپیتی نابزوێن بەدوای یەکدا نەیەن لە وشەی کوردییدا.

ئەو پرسیارەش کە هەمیشە خۆی قوت ئەکاتەوە ئەوەیە کە تا کەی ئەو ڕێسا (عەرەبییە) پەیرەوبکرێت؟ کە خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆی دروستبوونی چەندان وشەی ناقۆڵا و شێواو لە زمانەکەماندا(دیالێکتی کرمانجی خواروو) کە تەنانەت نەک هەر نوسینیان ، بەڵکو دەربڕینیشیان ئاسان نیە و مەگەر کەم کەس لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاریان بهێنێت.

پەیرەوکردنی ئەو ڕێسایەش وای کردووە کە زۆر وشەش بەبێ هۆ سەروگوێلاکی ئەشکێنرێت ( نەک ئەشکێندرێت).

پیتی (ڕ)ی لەرزۆکی قورس و (ر)ی سوک کە نابزوێن ، هۆی ئەم کێشەیەن ، بەزۆریی پیتی (ڕ).

ئەگەر ڕەگی چاوگ بە (ڕ) یان (ر) کۆتایی بێت ئەوا لە کاتی دروستکردنی هەندێک لە دۆخەکانی کرداردا ڕووبەڕووی کێشەی سەختیی دەربڕینی (ڕ) و (ر)ەکە ئەبینەوە ، لەبەرئەوەش کە بەکارهێنانی جوتەپیتی نابزوێنمان نیە بۆیە زۆر جار پەنا ئەبرێتە بەر (در) و ئەخرێتە نێوان ڕەگەکە و پاشگرەکانەوە (ێ ، ێت ، را) ، بۆ نمونە:

| چاوگ | ڕەگ | کردار |
|---|---|---|
| بڕین | بڕ | ببڕرێت (ببڕدرێت) |
| سڕین | سڕ | ئەسڕرێت (ئەسڕدرێت) |
| دڕین | دڕ | بدڕرێت (بدڕدرێت) |

هەروەها هەندێک لەو کردارانەی بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان دێت وەک : شاردنەوە شارڕایەوە (شاردرایەوە) ، ئەشارڕیتەوە (ئەشاردرێتەوە).

سمۆرە گوێز ئەشارێتەوە.

لێرەدا (ئەشارێتەوە) کرداری ڕانەبردووی بەردەوامییە ، بەڵام

گوێز ئەشارڕیتەوە (لەلایەن سمۆرەوە). لێرەدا (ئەشارڕیتەوە) کرداری ڕانەبردووی نادیارە.

ئەوەی کە جێی داخە زۆر جار بە ناڕەوا ئەم (در)ە ئەخزێنرێتە ناو کردارەکانەوە (نەک ئەخزێندرێتە) کە هیچ ڕێسا و پێویستییەک لە ئارادا نیە و قورسیش نین لەسەر زمان ، وەک ئەمانەی لای خوارەوە کە ڕۆژانە لە بلاوکراوە کوردییەکانەوە بەرچاو ئەکەون چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان:

داندراوە (دانراوە) ، بزاندرێ (بزانرێ) ، بکردرێت (بکرێت) ، دابندرێت (دابنرێت) ، دەتواندرێت (دەتوانرێت) ، فرێندراوە (فرێنراوە) ، ناتواندرێ (ناتوانرێ) ، لێی نەکۆڵدراوەتەوە (لێی نەکۆڵراوەتەوە).. و هتد.

بێگومان ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو هەیە و هیوادارین کە خوێنەران و بەتایبەتیی شارەزایان لە زمانەوانیدا گفتوگۆی ئەم باسانەی گۆشەی (زمان)ی گۆڤارەکەمان بکەن لەپێناوی خزمەتکردنی زمانەکەماندا و بەرگرتن لە شێواندنی.

باسی ئایندەشمان دەربارەی جوتەپیتی بزوێنە.

www.arsivakurd.org

پارچە ئێسکەکەی بەردەستیدا زاڵە، هیتلەریش بە هەمان شێوە کۆنترۆڵی زمانی ئەڵمانیی کردووە. سەرنجی ئەو زمانە باڵایە بدەن کە لێنین پێی نووسیوە، پرە لە وێنەی شیعری، دەڵێن مەگەر پوشکینی باوکی ئەدەبی رووسی شان لە شانی بدات.

منیش پێم وایە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێویستە بە سزای رەوای خۆی بگات، بەڵام لەبەر ئەو زنجیرە تاوانە هەڵبەستراوانە نا، کە بریکاری وەزیری ناوخۆی پارتی فەرمانڕەوای سلێمانی دەست نیشانی کردوون، بەڵکو بەو تاوانە راستەقینەیەی کە خەڵکانی سەر بەو لایەنە بە زمانێکی هێندە سەقەت دەنووسن، بەشداری لە پیسکردنی کانیاوی روونی زمانی کوردیدا دەکەن. وەنەبێ زمانی نووسینی لایەنەکانی دیکەی کوردستان پوخت و رەوان بێ، بەڵام لەم بوارەدا هیچیان بە تۆزی پێی ئەو حیزبە <بە قەولی یەکێتی زماندرێژە>دا ناگەن.

سەرنجی ئەم کوردییە پۆخڵە بدەن کە لە هەولێر پێی دەنووسرێ:

فەرهاد عەونی لەبری حب الوطن من الایمان نووسیویەتی: خۆشەویستی نیشتمان لە ئایینەوەیە، ئەگەرچی ئیمان: باوەڕە، دین: ئایینە. (برایەتی ل٣، ١٤ی ٢ی ٢٠٠٠)

رۆستەم باجەلان نووسیویەتی: (هیچ کەس بۆی نییە بە رێگای ناپرۆژەییەوە دەسەڵات بۆ خۆی دابین بکا. ئیوارە گولان ل٨، ١٩ی ٢ی ٢٠٠٠)

project بە مانای پلان و پرۆژە دێ، نەک رەوا، بۆ ئەو رستەیە نارەوا راستە. غیر مشروع: نارەوایە نەک ناپرۆژەیی.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین نووسیویەتی: (بەر لەوەی پێ بنێینە ناو هەزارەی سێیەمی سەدەی نوێوە. برایەتی ل٣، ١٠ی ٢ی ٢٠٠٠) واتا هەزارەی سێیەم لای ئەم بەشێکە لە سەدەی نوێ، بە مەرجێ سەدە: سەد ساڵە و هەزارەیش لای کەم هەزار.

مەحموود پێماڵکی دەنووسێ:

(کراسێک کە لە نەرمترین خوری دروست کرابێ، کە لە لەشی بەرخی جوانی دەربکێشن. برایەتی ئەدەب و هونەر ل٧، ١٨ی ٢ی ٢٠٠٠) پڕ بە دڵ بەزەییم بەو بەرخە جوانەدا دێتەوە کە تاڵ تاڵ بەشێ کراسێ <خوری> لە جەستەی ناسکی دەردەکێشن، ئاخر لەگەڵ دەرکێشانی هەموو تاڵێکدا جەرگی ژان دەکا. ئەدی نەدەکرا بە برینەوە، هەڵپاچین، یان شاعیرانە بەدەم شانەکردنیکی هێمنی بەرخە جوانەکانەوە، بەشی کراسێ بەرگن نەک خوری <ئاخر تووکی بەرخ بەرگنی پێ دەگوترێ> پەیدا بکەین؟

کەشناسی meteorology زانستێکە باس لە ناسین و پێشبینی کردنی بار و دۆخی ئاووهەوا دەکا، کوردسات تیڤی لە کۆتایی پرۆگرامەکانیدا باسی کەش weather دەکات، کەچی دەنووسێ: کەشناسی!

2000. 03. 24

---

**بۆ زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن !**

**فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کۆنفرانسی واشنتۆن لەژێر ناوی (کورد بە دوای ناسنامە)دا پیرۆز دەکات و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات داخوازێ.**
**ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم شێوە کۆبوونەوانە بۆ گەلی کورد قازانجن و ئاکامەکانی کۆنفرانس لە داوڕۆژدا رۆڵی گەنگیان دەبێ .**

**فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید**
**کەیا ئیزۆڵ**
**٢٠٠٠/٣/٢٩**

## چاپکراوی نوێ

ناوی کتێب : ژان و ژیان
(بەرگی دووهەم لە ١٩٨٠- ١٩٨٣)
نوسەر : د. حوسێن خەلیقی
چاپ : ٢٠٠٠ سوید

ناوی کتێب : هەرزاڵ
(کورتە چیرۆک و برێ نەزیلەی کۆمەڵایەتی)
نوسەر : کاروان سیروانی
چاپ : ١٩٩٩ سوید ، کتێبی هەرزان

ناوی کتێب : فەرهەنگی ناوی کوردی
(بەشی دووەم)
نوسەر : کاروان سیروانی
چاپ : ١٩٩٩ سوید

ناوی کتێب : خەرمان لۆغە
کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی: محەمەدی شلماشی
چاپ : ٢٠٠٠ سوید



www.arsivakurd.org

# دوو نامە

حەمەسەعید حەسەن

## (١) پڵنگێک لە پەشمەک

لە حوزەیرانی ٦٧دا کە عەرەب تووشی نسکۆ هات، ناسر خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو شکانە لە قەڵەم دا و بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی دا. کە لە مارسی ٧٥دا ئەسپەکەی بارزانی گلا، نکووڵی لە نسکۆی بزووتنەوەکەی نەکرد و گۆڕەپانەکەی چۆڵکرد. مەگەر دیکتاتۆرێکی وەک سەددام پێستی ڕووی هێندە زبر بێ، تێکشکانە ئابڕووبەرەکانی بە سەرکەوتنی مەزن بۆ خۆی تۆماربکا. یان مەگەر دۆنکیخۆتەیەکی وەک ئۆجالان، لاوازییەکانی وەک ڕێبازێکی نوێ، بەسەر ئەم کوردە بەستەزمانەدا ساغبکاتەوە، دەنا تەنانەت هیتلەریش شەرمی دەفامی، ئەگەرنا گری لە جەستەی خۆی بەرنەدەدا.

پڵنگەکانی زەکەریا تامیر نۆ ڕۆژ بەرگری دەکەن، لە ڕۆژی دەیەمدا دەست هەڵدەبڕن. پڵنگەکەی لەمەڕ ئێمە، هەر بە ئاسمانەوە کەوی دەبێ. ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە، کە ئاپۆ پڵنگێکی ماڵییە یان نا؟ سۆڵجەنستین گوتەنی پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن هێندە زوو گەیشتە بنی زەلکاوەکە؟

ئاخۆ چ هێزێکی کاریزمایی لە پشتی ئاپۆوەیە، وا دەتوانێ لە زەلکاویشەوە، درێژە بە فەرمان دەرکردن بدات؟ ئاخۆ کام بەنگ ئەوانەی سڕ کردووە، کە هێشتا ملکەچی فەرمانەکانی ئاپۆن؟

شێخ سەعید ‹کە لە پێناوی قوتارکردنی گیانیدا، لە کوردایەتی پاشگەزبووەوە،› ئەگەر لەسێدارە نەدرابا، دوور نەبوو هەنووکە وەک ڕووخاو ناوی هاتبا. قازی محەمەد ‹کە جاری کۆماری کوردستانی دا و دواتر بە پیر لەشکری داگیرکەرەوە چوو،› ئەگەر هەڵنەواسرابا، کێ دەڵێ ئێستا وەک بەزیو ناوی نەدەهات؟

ئۆجالان کە ئازاد بوو، بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا، کارتێ بوو بە دەست دەوڵەتانەوە، ئێستا کە دیلە، کلیلێکە تورکیا دەیەوێ بە لە سێدارەنەدانی، دەرگای ماڵی ئەورووپای بە ڕووی خۆیدا پێ بکاتەوە.

ئای لە بەدبەختی ئۆجالان، تا زێتر بژی، قازانجی زێتر بە داگیرکەر دەگەیەنێ. ئەگەر تورکیا لە سێدارەی نەدا، ئەوا هەر کە باسی سەرکردەی لەبەردەم دوژمندا بە چۆکدا هاتوو، بێتە پێشەوە، ئاپۆ باشترین نموونە دەبێ. پێ ناچێ تورکیای ئێستا هێندە گێل بێ، لە داروپەردووی ڕووخاوێک، تەلاری قارەمانێک ڕۆبنێ.

هەر ئەو ڕووداوەی کە چارەنووسی شێخ سەعیدی وەک تراژیدیا نەخشاند، ئەوەتا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان قارەمانی ڕووداو: ئاپۆیە و تراژیدیایش: گاڵتەجاڕی.

هەڵوێستی ئۆجالان هێندە لاوازە، پارێزەرەکەی ناچار بووە مێژووی کوردی بۆ بگێڕێتەوە. کە ئەمە باڵای ورەی سەرۆکی نەتەوەیی کورد بێ، ئیدی دوژمنانی کورد بۆچی قاقا پێنەکەنن؟ ئیدی کورد بۆچی خورخوڕ نەگرێ؟

مەزڵووم دۆغان کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە بوو، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ١٩٨٢دا، لە زینداندا گری لە جەستەی خۆی بەردا. پێ دەچێ لای کەم، لەوساوە خۆسووتاندن نەریتێکی شۆڕشگێرانەی پەکەکە بێ. مەگەر تەنیا خۆسووتاندن، کۆتایی بە خۆبەدەستەوەدانە یەک لە دوای یەکەکانی ئاپۆ بهێنێ، بەڵام ئەوێ کە هەموو هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی خودی خۆی بێ، گەلێ لەوە ناسکترە، بیر لە خۆڕووشاندنیش بکاتەوە.

شانی هیچ سەرێکی کورد لە بواری سووک سەرنجدانی ژندا، ناگاتە داوێنی ئۆجالان، بریا شانی ئەو سەرکردە دیلە، لە بواری خۆڕاگرتندا، دەگەیشتە داوێنی لەیلا زانا.

2000. 01. 14

## (٢) کوردییەکی پۆخڵ

ئەوی بە پلەی یەکەم لە هەر نووسینێکدا بە لای منەوە گرنگە، زمانی نووسینەکەیە. ئەگەر هەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە تووشی هەڵەیەکی زەق هاتم، ئیدی تاقەتی خوێندنەوەی ئەو نووسینەم نامێنێ، با باسی گرنگترین مەسەلەیش بکا. دەڵێن هیتلەر بە ئەڵمانییەکی ئەوەندە جوان نووسیویەتی، ڕەخنەگرێ سەبارەت بە زمانی کتێبە بەناوبانگەکەی: خەباتی من، گوتوویەتی: سەگ چەند بەسەر

www.arsivakurd.org

سوزمانی بوە لە وڵاتانی ئوروپاوە بۆ هێزە چەکدارەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە کۆسۆڤۆدا.!

مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ ئەگەر بۆمبارانی ٧٢ ڕۆژەی دەوڵەتێکی سەر بەخۆی ئوروپا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی ئەلبانی ڕەگەزەکانی کۆسۆڤۆ بوو، دەبینین ئێستا ڕووسەکان لە چیچان هەموو ماف و دابی ئینسانیان خستوتە ژێر پێ و گەلێک خەراپتر لە خەڵکی کۆسۆڤۆیان بە سەر چیچان هێناوە، بەڵام دنیای یەک قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی کە بەردی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە سینگی دەدا، نەک هەر دەنگی لە بەر نایەتە دەر، بەڵکوو دوورنیە لە بنەوە دەستیشی لە خۆشکردنی ئاگر و قڕ کردنی میللەتی چیچان دا نەبێت.

زۆر سەیرە ئێستاش بە دوای ئەفسەرانی سربدا دەگەڕێن کە لە بوسنە وهرسە گوین جنایەتیان کردوە تا بدرێن بە دادگای نێو نەتەوەیی لاهە.

بەڵام لە ئاست بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەی کوردستان و ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کوردی بێ دەوڵەت دەنگیان لە بەر نایەتە دەر. بە کورتی سەدەی بیست و یەکەم بە سەقامگرتوویی دنیای یەک قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی، نە دەبێتە پایانی مێژوو، نە هیچ خێر و خۆشیشی بۆ گەلانی بندەستە و وڵاتانی خەریک بوژانەوە چاوەڕوان لێدەکرێ.

کورد لە سەدەی بیستەم دا.

کوردستان و گەلی کوردیش لە سەدەی بیستەم دا، هەر چەندە لە ڕووداوەکان و فرازو نشێوی بەسەرهاتەکانی جیهان

کەنار نەبون، بەڵام بە هێندێ بەسەر هات و کارەساتی تایبەتی لە گەڵ ڕووداوەکانی جیهان جیا دەکرێنەوە.

کەم میللەت هەبوە کە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا بۆ وەدەست هێنانی مافی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی وەک کورد بێ پسانەوە خەباتی کرد بێ و بێ دەستکەوت و بە هەزاران شەهیدی فیداکارەوە پێی نابێتە سەدەی بیست و یەکەمەوە.

لە سەدەی بیستەم دا پتر لە سەت نەتەوەی کۆلۆنی و بندەست و دواکەوتوو لە ژێر دەستی هاتوونە دەرو دەوڵەت و دەسەڵات و کیانی سیاسی خۆیان دامەزراندوە. بەڵام بە درێژایی سەدەی بیستەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەر کوتکراوە و ڕێبەرانی بزووتنەوە لەدار دراون و شارو گوندی لێ وێران کراوە.

کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی بۆتە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکوومەتانی ناوچە.

بەڵام هەر چەند کورد نەیتوانیوە لە سەدەی بیستەم دا بە ئاوات بگا و لە مافی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی کەلک وەر گرێ، کەم یا زۆر لە هێندێ بوارەوە لاپەڕەی مێژووی خۆی ڕەنگین کردوە. حیزبی سیاسی تێکۆشەر و ئازادیخواز دامەزراون، هوشیاری سیاسی و هەستی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کورد تا ڕادەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە و بە گوێرەی دەرفەت هێندێ دەستکەوتی کەم و کاتیشی وەدەست هێناوە.

پێکهێنانی حکوومەتی میللی و کۆماری کوردستان لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە کوردستانی ئێران دەستکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی بوە، گرنگییەکەی بەر لە هەموو شت لەوەدا بوە کە تێکۆشەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەم دەستکەوتەدا بەشدار بوون و جێگای هومێدی هەموو کوردێک بوە.

بەیانی یازدەی ئازاری ٩٧٠ و بە چۆکداهاتنی حکوومەتی عیراق و مل ڕاکێشانی بۆ ناسینی نەتەوەی کورد و مافی خۆدموختاری کورد، بەرهەمێکی دیکەی خەباتی گەلی کورد و شەڕی چاردە ساڵەی کوردستانی عیراق بوە بە سەرۆکایەتی نەمر مستەفا بارزانی.

هەر چەند بەرهەمی خوێنی ڕۆڵەکانی کورد لە ٩٧٥ دا دەبێتە گەمەی دەستی دەوڵەتانی ئەمریکاو ئێران و ئیسرائیل و بزووتنەوە نسکۆ دێنێ، بەڵام تێکۆشەرانی کورد ناهێڵن ئاگری خەبات بکوژێتەوە و جارێکی تر خەباتی چەکداری لە کوردستانی عیراق هەڵدەگیرسێتەوە کە بە داخەوە ئەنجامەکە تا ساڵی ١٩٩٠ تەنیا شەڕی خۆ بە خۆی کورد و وێرانی کوردستان و بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە وئەنفالی بەد ناوی خەڵکی کوردستانە.

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم هیچ دەرفەتێک بۆ کورد هەڵناکەوێ ، یا کورد توانای ئەوەی نابێ لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی دنیاگر بۆ ئازادی خۆی کەلک وەر بگرێ، لە ئاخرەکانی سەدەی بیستەم دا، دوژمنەکەی بە پەلامار دانی کوێت تووشی ئەم گەوجییە دەبێ کە دەرفەت بۆ کورد بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی هێزی خۆی کۆ بکاتەوە وبە سەر وڵات و چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێت.

ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار و ڕووداوێکی گرنگی مێژووی پڕ لە کارەساتی کورد بوو. دەرفەتێکی گەورە بۆ کورد هەڵکەوتبوو کە هەڵبژاردن بکا و پارلمان و حکوومەت پێک بێنێ. بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەوە کە کورد ئەزموونی چەندین ساڵەی خەباتی بێوچانی هەیە، بە هەزاران زانا و پروفیسۆر و دوکتۆر و سیاسی و ڕۆژنامە نووس ونووسەرو ڕووناکبیری هەیە، دیسان نەیتوانی لەم هەلەش کەلک وەر بگرێ و خۆ بگەیێنێتە ریزی وڵات و میللەتانی ئازاد وسەربەخۆی جیهان. دوژمنانی کورد کێچیان کەوتبوە کەوڵ و چاویان بەرایی نەدەدا کورد لە بەشێکی نیشتمنی بە سەر چارە نووسی خۆیدا زاڵ بێت. شەڕی کورد کوژیان پێ ساز کردن و پاش چەند ساڵ خوێن ڕێژی و کوشتنی هەزاران ڕۆڵەی کورد، بەداخی گرانەوە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە دەبێ بڵێین ئەگەر ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستانیان دابەشکرد. لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێهەم پاش نیزیکەی سەت ساڵ ،بەشێکی کوردستان لە لایەن دوو حیزبی ڕزگاریخوازی کورد جارێکی دیکەش دابەش دەکرێتەوە و میللەتەکە ئەمجار بە دەست دەسەڵاتی خۆ ماڵییەوە دەناڵێنێ و شانازی ئەم دوو حیزبەش هەر ئەوە دەبێ کە ناوی سەرۆک و وەزیر و وەزارەتخانە لە خۆ بنێن و بە ترس و نیگەرانییەوە چاوەڕوانی کارەساتی پێشبینی نەکراو بن. شیکردنەوەی زیاتری دۆراندنی ئەم دەرفەتە بۆ وتارێکی دیکە ڕادەگرین.

www.arshivakurd.org

که بەرهەمی ناتەبایی دوو سیستەمی سەرەکی کۆمەڵایەتی- ئابووری جیهانە لە کۆنفرانسی باندۆنک ڕەنگ دەداتەوە. چوئینلای، جەواهیر لعل نەهرۆ، جەماڵ عبدالناسر، ئەحمەد سۆکارنۆ، تیتۆ وەک سەمبولی دنیای سێهەم دەردەکەون. وڵاتانی دنیای سێهەم لە نێوان دوو سیستەمی لێک جیاوازی جیهانیدا، دەرەتانی هێندێ موناوەڕە و جۆرە سەر بەخۆییەکی بڕیار دانی سیاسی و ئابوورییان بۆ پێک دێت. هەر لەو کاتەشدا سەبارەت بە پارسەنگی هێزی ئاتۆمی زلهێزەکان ڕێگای شەڕی ئیمپریالیستی بەر بەست دەکرێ.

هەڵوێست و چەشنە سەر بەخۆییەکی هێندێ وڵاتی پێشووی کۆلۆنی و دنیای سێهەم ، بۆ دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەداری قابیلی قبوڵ نیە و بۆیان هەڵناگیرێ. بۆیە دەبینین دوای شەڕی دووهەمی دنیاگر ئەگەر بە ڕەسمی و بە ئاشکراش( جگە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل) شەڕی گەورە و بەر فراوان پێک نایەن، بەڵام لە ڕێگای کۆدیتای نیزامییەوە بە دنە دان و دەستیاری ڕاستەو خۆی ڕێکخراوی جاسوسی ئەمریکا(سی.ئای. ئێ) حکوومەتانی میللی و پێشکەوتو خواز سەرنخون دەکرێن و لەم وڵاتانە جۆگەلەی خوێن دەکەوێتە ڕێ. نموونەی وا کەم نین :

کۆدیتای سیا و ئینتلجێت سەرویس دژی حکوومەتی میللی دوکتۆر موسەدیق لە ئێران، کۆدیتای سیا دژی حکوومەتی میللی ئەحمەد سۆکارنۆ لە ئەندونزی کە ٧٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژرا. کۆدیتای سیا دژی حکوومەتی میللی سالوادۆر ئەلیندە لە شیلی، کۆدیتای کۆنگۆ و کوشتنی پاتریس لۆمۆمبا، هاندانی ئیسرائیل بۆ سەر میسر و تێدا چوونی عبدالناسر و.....

ڕکە بەری و مل بەملەی وەسەر یەکنانی چەکی کۆ کوژی و شەڕی ئەستێران، شەڕی سێهەمی جیهانی بەر بەست دەکا، بەڵام بە زاڵبوونی سیستەمی سەرمایەداری و داڕمانی سیستەمی سۆسیالیستی تەواو دەبێ. هەر وەک شۆرشی ئوکتۆبرلە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دنیای دەلەرزێنێ، داڕمانی سیستەمی سۆسیالیستیش لە ئاخرەکانی سەدەی بیستەمدا، دەبێتە بە هۆی سەر سوڕمانی جیهان و لە بواری ئابوورییەوە دنیا لە یەک سیستەمی دنیاگری سەرمایەداریدا ساخ دەکاتەوە.( هۆیەکانی ڕووخانی سیستەمی بە ناو سۆسیالیزمی واقعا مەوجود باسێکی دیکەیە وپێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بیر فراوانی و بەڵگەو دوکۆمێنتی بابەتی هەیە کە لەم وتارەدا جێی نیە.)

پاش لە بەر یەک هەڵوەشانی سیستەمی سۆسیالیستی، جیهانی ئیمڕۆ ئیتر لە چوار چێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بەڕێوە دەچێ. جا ئەمریکا بێت یا بنگلادێژ ، سودان بێ یا ئەڵمان، ئەتیۆپی بێت یا سوید فەرقی نیە، نیزامەکە نیزامێکی سەرمایە دارییە و بە قەولی ماکس ڤیبەر: « سەرمایەداری بریتییە لەڕوحی قازانج خوازی و سەر لە نوێ وەگەڕ خستنەوەی قازانجەکان لە ڕێگای مێتۆدی عەقڵانییەوە.»

نا تەبایی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری کە لە ساڵەکانی ئاخری سەدەی بیستەم لە یەک قوتبی یا(جیهانی بوون)دا ڕەنگ دەداتەوە زیاتر لە هەموو کاتێ ڕوونتر خۆ دەنوێنێ. ئەگەر لە بەشێکی جیهانی ئیمڕۆدا مرۆڤ دەچێتە بان کورەی مانگ و خەریکە دەست بە سەر ئاسمان دادەگرێ و پێشکەوتنی تەکنیک و داتاو ئینفۆرماتیک دنیای پان و بەرینیان کردۆتە گوندێکی بچوک و لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری حەمام و چێشتخانەو خەستەخانەی تایبەتی بۆ کسۆکان ساز دەکەن، لە بەشی دیکەی هەرە زۆرو پڕ حەشیمەتی دواکەوتووی سەرمایەداری دا، ڕۆژانە هەزاران منداڵ لە برسان و لە بەر بێ داو ودەرمانی دەمرن. قەلشتی نێوان هەژاری و سامان و سەروەت لە نەزمی نوێی جیهانیدا لە دەیەکانی ڕابردوو گەلێک قوڵتر بوە. بە قەول ڕۆژنامەی لومۆند دیپلۆماتێک نیزیکەی ٥٠٠ میلیۆن کەس لە دنیادا ڕۆژانە بە دۆلارێک ژیان دەبەنە سەر. میلیاردێک و ٣٠٠ میلیۆن کەس لە خواردنەوەی ئاوی خاوێن و داو ودەرمان و پێڕاگەیشتنی پزشکی بێبەشن. لە وەڵاتی وەک بەرزیل کە لە بواری پیشە سازی لە جیهاندا لە پلەی دەیەم دایە، حەوت میلیۆن کەس بە سواڵ دەژین و ڕۆژانە هیچ شتێک شک نابەن. بانکی جیهانی و سندوقی نێو نەتەوەیی پارە و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کە زلهێزەکانی دنیای یەک قوتبی بە سەریاندا زاڵن، لە سەتا هەشتای سامانی جیهانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. تەنیا وڵاتانی ئەفریقایی ٣٧٠ میلیارد دۆلار قەرزدارن. لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش نیگەرانی لە ژیان خۆی دەر دەخات. وەک لۆمۆند دیپلۆماتێک دەنووسێ : لە چوار چێوەی وڵاتانی بازاڕی هاوبەشدا نیزیکەی بیست میلیۆن بێکارهەیە. لەم وڵاتانەدا تاوان، جنایەت، هیرۆئین و حەشیش، ڕەگەز پەرستی و دژایەتی بێگانان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ. ساڵی ١٩٩٦ سەروەتو سامانی ٣٥٨بیلوێنێر بە قەدرایی داهاتی دوو میلیاردو ٣٠٠ میلیۆن کەسی حەشیمەتی جیهان بوە.

جیهانی یەک قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی پاش ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیستی لە بواری ئەمنیەتی گشتی و پاراستنی مافی مرۆڤیش هەنگاوی کار بڕی ناویشتوە. تەواوی پڕوپاگاندەی پاراستنی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە چوار چێوەی بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیای یەک قوتبی دا، بەڕێوە چوە. مەسەلەی کۆسۆڤۆ بیانوویێکی باشبوو بۆ ئەوەی دنیای یەک قوتبی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا شەقێک لە ڕێکخراوی کارتۆنی بە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان بدا و بە بێ گوێدان بە شوڕای ئەمنیەت دەوڵەتێکی سەر بەخۆی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆمباران بکات. دیارە وڵاتانی ناتۆ بە سەر کردەیی ئەمریکا و هێندێ فەریکە سیاسی کوردیش پەلاماردان و بۆمبارانی یوگوسلاڤیان بۆ ئازادی ئەڵبانی ڕەگەزەکانی کۆسۆڤۆ و پاراستنی ماڤی مرۆڤ بە ڕەوا و باش دادەنا. بەڕاستیش ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە بایە کارێکی باش و پیرۆز بوو. بەڵام پاش ساڵێک بۆمبارانی یوگوسلاڤی و ماڵ وێرانی خەڵکی کۆسۆڤۆ ، دابینکردنی مافی مرۆڤ لەم ویرانیەدا، بە گوێرەی هێندێ ڕۆژنامەکانی ئوروپایی ناردنی جندە و

www.arsivakurdi.org

# مرۆڤایەتی لە هەزارەی سێهەمدا

کەریمی حسامی

مرۆڤایەتی وا چەند مانگە سەدەی پڕ لە کارەسات و پێشکەوتن و تراژیدی سەدەی بیستەمی بە جێهێشتوە و گۆزەی ڕەشی لە دوا شکاندوە و پێی ناوەتە سەدەی بیست و یەکم و یا هەزارەی سێهەم. لەم ماوە کورتە دا گەلێک هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە سەر سەدەی ڕابردوو کراون ولە ڕوانگەی جۆر بە جۆرەوە ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم لێک دراونەوە. هێندێ ڕوو داوی جۆر بە جۆریش بۆ داهاتوو پێشبینی کراون. هەمووی ئەم نووسراوەو بۆ چوونانە بە نۆرەی خۆیان بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی گشتی و وەدەستهێنانی هێندێ دەرس و ئەزموون لە ڕابردوو ڕەنگە سودی خۆیان هەبێ. دیارە پێشبینی سەبارەت بە ڕووداوی دوارۆژ و قسە لە سەر چۆنیەتی ڕەوەندی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە لە وانەیە زۆر جێگای دڵنیایی نەبن. ئەزموونی بە سەرهاتەکانی چەندین ساڵەی ڕابردووی جیهان فێرمان دەکات کە سەبارەت بە هەڕەکەتی پێشەوە چوونی مێژوو مرۆڤ ناکرێ هیچ حوکمێکی نە گۆڕ و لێبڕاو بدات. چونکە زۆر جار ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و هەڵیدەنێ، پێچەوانەی ئەو دەر دەکەوێ. بەڵام دەکرێ لە سەر بناخەی نووسراوە و دوکۆمێنتی باوەڕ پێکراو وئەزموونی شەخسی، ئەگەر سەر پێیش بێ چاوێک بە ڕوداوەکاندا بگێڕێ و پێیاندا بچێتەوە.

سەدەی بیستەم لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی زایینیدا بە هێندێ کارەسات و بە سەر هاتی پڕ لە کێشە وهەرا و خوێن ڕێژی دەخوێنرێتەوە کە لە گەڵ بەسەر هاتی سەدەکانی پێشوو فەرقیان هەیە و بە کورتی بۆ باسکردن دەبن.

– لە سەدەی بیستەمدا لە سۆنگەی سەر هەڵدانی دوو شەڕی دنیاگر بە قەدرایی تەواوی مێژووی دوو هەزار ساڵەی زایینی خەڵک دەکوژرێ و شارو گوند وێران دەکرێن. ئەگەر لە شەڕی یەکەمی دنیاگردا ئیمپراتوری وەحشی و دواکەوتووی وەسمانی لە بەر یەک هەڵدەوەشێ ، دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئەو کەم دەکرێتەوە وهێندێ وڵاتی ژێر دەستی وی ئازاد دەبن. لە لایەکی تر هێندێ وڵات و خەڵکی دیکە، یەک لەوانەش کوردستان، دەکەونە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بە واتەیەکی تر دنیا لە نێوان چەند دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی زلهێزی جیهاندا دابەشدەکرێ

– لە سەدەی بیستەمدا شۆرشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبر وەک کرنگترین ڕوو داوی مێژوو بەر پا دەبێ و بە قەولی جون ڕید( ئەو دەڕۆژەی دنیای لەرزاند)، نەک هەر لە پانتایی شەش یەکی کورەی زەوی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرەبەگی و سەرمایەداری لە بنەوە هەڵدەتەکێنێ، بەڵکوو دڵە ڕاوکە دەخاتە سەر تەواوی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و گەلانی ژێر دەستەش لە خەو ڕادەپەڕێنێ.

– لە سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانی تێکشکاوی شەڕی یەکەمی دنیاگر، لە سەر بناخەی ڕەگەز پەرستی، فاشیزم سەر هەڵدەداو بۆ دابەشبوونەوەی سەر لە نوێی جیهان و وەر گرتنی بەشێکی زیاتر لە وڵاتانی کۆلۆنیکراو، شەڕی دووهەمی دنیاگر ساز دەکات. لە ئەنجامی شەڕی دووهەمی دنیاگردا، جگە لە کوشتاری زۆری خەڵک و وێرانی گەلێک شارو گوندو کارخانە وبنیاتە سەنعەتیەکان، چەند خاڵی دیکە لە مێژوودا تومار دکرێن کە لە ڕەوەندی ڕوو داوەکانی جیهاندا دەور دەگێڕن.

– یەکێتی سۆڤێتی کە لە تێکشکاندنی فاشیزم دا ، دەوری سەرەکی هەبوو، ئەگەر پێش شەڕ لە لایەن وڵاتانی سەرمایەدارییەوە حیسابێکی بۆ نەدەکرا ، دێتە ڕیزو هاوشانی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و بە بێ بەشداری وی مەسەلە نێو نەتەوەییەکان بە زەحمەت چارەسەر دەکرێن.

– کۆمەڵی دەوڵەتە یەککگرتوەکان دادەمەزرێت کە بە ناهەق ناوی« نەتەوە یەککگرتوەکان» یان بە سەر دابڕیوە. چونکە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە لەوێدا ئەندامن و نوێنەریان هەیە، نوێنەری خەڵک و نەتەوەکانی خۆیان نین بە کودیتاو ملهوڕی ئەرتەش دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

– پرۆسەی ئازادی وڵاتانی داگیر کراو وکۆلۆنیکراو دەست پێدەکات.

– تیئوری زانستی ئاتۆم وەڕاست دەگەڕێ. دەوڵەتی ئەمریکا لە سەردەمی شەڕدا،بۆمی ئاتۆمی بە سەر خەڵکی هیرۆشیما دادەدا. تەقاندنی بۆمی ئاتۆم و بەکار هێنانی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، مرۆڤ تووشی ئەم بیرە دەکات کە زانست لە پەنالایەنی پڕلە خێرو پێشکەوتنی تەکنیک و داتاو ئەنفۆرماتیک ، لایەنی دزێوی قڕکردن و نابوتی مرۆڤایەتیشی هەیەو ناکرێ جێگای نیگەرانی نەبێ.

– دنیای سەرمایەداری لە سیستەمی یەک قوتبی دێتە دەرو دوو سیستەمی لێک جیاوازی کۆمەڵایەتی– ئابووری نا تەباو ناکۆک لە گەڵ یەکتر، ڕەوەندی پێشەوە چوون وپێشکەوتنی کۆمەڵ درێژە پێدەدەن.

– چینی کۆمونیست پڕ حەشیمەتترین وڵاتی دنیا دێتە نێو مەیدانی سیاسەتی جیهانی و لە شوڕای ئەمنیت دا جێگای خۆی دەکاتەوە.

– زاراو وسیستەمی( دنیای سێهەم)

www.arsivakurd.org

عەبدولعەزیز سەرۆکی بەرەی پۆلیساریۆ.

لە ئێران ، ئەوە هەر باس ناکرێت ، لە یەکەم تا دواهەمین رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی (چارەساز)ی ئیسلامیی کە ١٦ دانە بوون ، دژی خواستی گەلانی ئێران ، تێکڕا داخران و قەدەغەکران.

لە باشووری کوردستاندا ، کە لەگەڵ ئەوەشدا پارچەپارچە کراوە ، ئازادییەکی رێژەیی راگەیاندن هەیە و دەیان گۆڤار و رۆژنامە و دەزگای راگەیاندن لە کاردان (ئەگەرچی سەرجەم لەژێر دەسەڵاتی حزبەکانیشدان).

لە هەولێر (زەوی) خەڵات ئەکرێت بەسەر رۆژنامەنوسانی ناوچەکەدا ، کە کاریکی (بۆ ئەمرۆ) زۆر گەورەیە ، بەڵام هاوکات دەردی رۆژنامەگەریی وڵاتە ئیسلامیی و عەرەبییەکان تەشەنەی کردووە بۆ کوردستانیش و شانبەشانی خەڵاتکردن ، دادگای هەولێر بڕیاری سزادانی بڵاوکراوەی مەلای مەزبورە ئەدات و لە سلێمانییش هەوڵی سزادانی کازیوە ساڵح و (نڤار)ەکەی ئەدرێت.

من لێرەدا تەنیا داوایەکم هەیە لە لێپرسراوانی کورد ، برایان دەستم دامێنتان ، ئەم مانگە لەلای رۆشنبیرانی کوردی دڵسۆز ، مانگی رۆژنامەگەرییە و پیرۆزە ، نەکەن لەم مانگەدا ئەو خوشك و برا رۆژنامەنوسانە و بڵاوکراوەکانیان سزا بدەن ، خوای رۆژنامەگەریی کوردیی لێتان نابورێت و ئەبن بە ناوزڕاوی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی.

ئەی رۆشنبیران ، با حزبایەتی و خۆپەرستیی لە بەرۆکی رۆژنامەگەریی و راگەیاندن بکەینەوە. با وەك لای گەلانی دنیا باوە ، راگەیاندن دەسەڵاتی چوارەم بێت ، نەك ژێردەستەی دەسەڵاتی لایەنە سیاسییەکان. با رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندن ئازادبن و بوێرن رەخنە بگرن لە گەورە و بچوکی دەسەڵاتداران و دەردەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئاشکرابکەن و دەزگاکانی راگەیاندن ئاوێنەی راستەقینەی کێشە رۆژانەییەکانی کۆمەڵ بێت. دەبا ئەو راستییە لە یاد نەکەین کە ئەمرۆ ئەوەی بە نوکی پێنوس ئەکرێت بە لولەی تفەنگ ناکرێت.

سەربەرزیی و نەمریی بۆ میقداد بەدرخان و بەدرخانییەکان و هەموو ئەوانەی کە خزمەتی رۆژنامەگەریی کوردییان کردووە.

بەردەوام و سەرکەوتوو بێت هەوڵ و کۆششی هەموو ئەو رۆڵانەی کە هەنگاوێك راگەیاندنی کوردیی بەرەوپێشەوە ئەبەن.

## مافی لە چاپدانەوە!

مافی دووبارە لە چاپدانەوەی کتێب و بڵاوکراوە ، لە دنیادا پارێزراوە بەگوێرەی یاسا ، بەڵام لە کوردستانەکەی ئێمەدا ، نەك هەر مافی لە چاپدانەوە ، بەڵکو مافی ئافرەت و مرۆڤیش کەس حسابی بۆ ناکات.

لە ژمارە ١١١ی بەربانگ دا پێناسەی کتێبێکمان کرد بە ناوی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگی دا). دوابەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە لە بازاڕی سویددا ، خوێنەران بە پەرۆشەوە کەوتنە گەڕان بە دوایدا. زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات پێناسەیان کرد و لەسەریان نوسی.

لە ناوەوەی کوردستانیش (بەبێ ئاگاداریی ) نوسەر و تەنانەت خزم و دۆستێکیشی ، ژمارەیەکی زۆری لێ چاپکراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە. خواهەڵناگرێ بەرگێکی رەنگاوڕەنگی قەشەنگیان بۆ داناوە، بەڵام وێنەیەکیشیان بۆ بەرگەکە زیاکردووە ، جێگۆڕکەیان کردووە بە ناوەرۆکەکەی و پاش و پێش خراوە ، وێنەیەکی نوسەر لەگەڵ کاك نادر هەورامی دا لابراوە ، ژمارەی سپاردنەکەی لابراوە و هەر وەك خەباتی نهێنی و ژێرزەمینی ، کەس نازانێت لە کوێ چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.




چاپی لە سوید




چاپی دووەم لە کوردستان بێ ئاگاداریی نوسەر

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ژمارەیەکی زۆرەوە لە کتێبخانەکانی هەولێر و سلێمانیدا بە ئاشکرا ئەفرۆشرێت ، تا ئێستا هیچ کەس و دەزگایەکی رەسمیی و نارەسمیی ئەو دووبارە چاپکردنەوە (دەستکاریکراوەی) رانەگەیاندووە.



www.arsivakurdi.org

# یادی سەد و دوو ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی

نەوزاد وەلی

لە ٢٢-٤-١٨٩٨دا بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی کوردیی لە شاری قاهیرە دەرچوو.

(کوردستان) ، ڕۆژنامە خنجیلانەکەی کوردستان ، سەرەتا و پێگەیشتنی بێ کۆڵەمەرگیی و ماندوویی و ترس و هەڕەشە نەبووە. هەر لە یەکەم ژمارەیەوە حسابی بۆ کراوە لەلایەن دوژمنانی کورد و کوردستانەوە ، هەر لەبەرئەوەش بوو کە هەر چەند ژمارەیەکی و (پەنابەری) وڵاتێک بوو.

دوابەدوای (کوردستان) ، سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی وەرزیی ، رووناکییان بینی و دڵی خوێنەرانی کوردیان ئەگەشانەوە و بە شێوەیەکی گشتیی ڕۆڵی کاریگەریان ئەبینی لە گۆشەکردن و پەروەردەکردنی نەوەکانی کورددا ، بە گیانی کوردایەتی و کوردستانپەروەریی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا.



ئەگەرچی هەندێک بەشی نوسین وەک ئەدەب و لقەکانی لە هەندێک قۆناغدا زاڵتر بووە بەسەر ڕۆژنامەگەرییدا بە هۆی بارودۆخی تایبەتمەندانەی کوردستانەوە ، بەڵام کەم یان زۆر ڕۆژنامە(بڵاوکراوە) نهێنی و ئاشکرا هەمەجۆرەکان ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلدا و لە بەرەوپێشبردنی ئەدەب و کلتوری کوردییدا.

ئەمساڵ گرنگییەکی تایبەتیی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا هەیە ، بەوەی کە سێ سەدەی بینیوە و پێی ناوەتە هەزارەی سێیەمەوە و سەدەیەکی نوێش لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی مرۆڤایەتی ، لە بوارە زانیاریی ، کۆمەڵایەتی ، ئابوری و سیاسییەکان و قۆناغی ئازادیی گەلان و ... هتد ، بۆیە قۆناغی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی کوردیی داوا لە هەموو ڕۆشنبیران و لێپرسراوان و (بەدەرامەتان) ئەکات کە چمکێکی ئەم گۆڕانکارییە مەزنانە بگرن و لە کاروان بەجێنەمێنن ، ئەم دەرفەتەی لەم قۆناغەی خەباتی گەلەکەماندا هەڵکەوتووە ، لەوانەیە جارێکی تر بە ئاسانیی هەڵنەکەوێتەوە ، با بازی بەسەردا نەدەین.

لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەگەریی کوردیی خۆی لە سەدەیەکی نوێ و سەدەی پێشکەوتنەکاندا ئەبینێتەوە ، لە هەمان کاتدا لە ئەنجامی وردەپێشکەوتنیشیدا ، ڕووبەڕووی چاودێریی و گرفت و کێشە هەمەجۆرەکان ئەبێتەوە ، وەک ڕۆژنامەگەریی لە تەواوی وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە ناکرێ لێی بە دوور بێت. ئەوەتا هەر لە سەرەتای ئەمساڵەوە ڕۆژنامەنوسانی کوەیتی بەناو دیموکراتیی ، ئەگیرێن و بەندئەکرێن و سزای جۆراوجۆر ئەدرێن و ڕۆژنامەکانیان دائەخرێن.

(تەوفیق بن بەریک) ڕۆژنامەنوسی تونسی ، لە ڕۆژی ٣-٤-٢٠٠٠ وە تا ئەمڕۆ(٢٩-٤) مانی لە خواردن گرتووە ، لە ئەنجامی ئەوەی کە پاش ئەوەی بابەتێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر میریی وڵاتەکەی نوسیوە و لە ڕۆژنامەیەکی دەرەوەی وڵاتدا بڵاوی کردووەتەوە ، خۆی و خێزانی و کەسوکاری دووچاری کێشە و گرفتی هەمەجۆرە بوون لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە و پاسپۆرت و شوناسنامەکانی لێسەنراوەتەوە و چاودێرییەکی توند لەسەر ماڵەکەیەتی و برایەکی گیراوە و ...هتد.

(مستەفا ئەلعەلەوی) ڕۆژنامەنوسی مەغریبیی و سەرنوسەری گۆڤارێکی هەفتانە ، لەم ڕۆژانەدا لەلایەن دادگای مەغریبییەوە سزادرا بە سێ مانگ بەندیی و سێ ساڵ قەدەغەکردن لە کاری ڕۆژنامەگەریی و دانی ٢٠٠٠ هەزار دۆلار و ژماردنی ١٠٠ هەزار دۆلار بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ، چونکە وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر جەنابی وەزیر نوسیوە و لە وتاری تریشیدا ڕەخنەی لەو سزا ناڕەوایانە گرتووە کە دراوە بە هەفتەنامەی (ڕۆژنامە) و ( لێ ژۆرنال) و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکیان. هەروەها ڕەخنەی گرتووە لە سزادان و دەرکردنی چەندان کارمەندی دەزگای تەلیڤیزیۆن و ڕاگەیاندنی ناوەندیی ، بە هۆی بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێک کە کراوە لەگەڵ محەمەد

www.arshivakurd.org

لێکراوە و هەزار ساڵ حکومەتی لە دەستدا بووە و لەو ماوەیەدا بەرهەڵستکاری نەبووە» و بەپێی بەڵگەنامە سەلمێنراوەکان بچینە پێشەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە داب و نەریتی نەورۆز بۆ یەکەمجار لە لایەن کوردە ساسانییەکانی هەرێمی کرماشان و خانەقین، لە سەدەی سێیەمی زایینیدا تەشەنەی کردووەتە ناو فەرهەنگی ئێرانییەکانەوە.

گومان لەو ڕاستییە ناکرێ کە دیاردەی نەورۆز لە کوردستاندا سەری هەڵداوە و بەرهەمی کشتوکاڵی یە، وەک دوکتۆر جەمال ڕەشید ڕۆژی 2000/3/28 لە تەلەفزیۆنی کوردستان ڕایگەیاند بە گوندی (زاویتە)ی شانەدەری بەستراوەتەوە کە بەپێی بەڵگەنامە سەلمێنراوەکان دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیانی تیادا بووە و ئامێری کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی زەوی لێ بەکارهێنراوە. ئەوکاتە لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەدا بە گۆڕانی ئاووهەوا، لەناوچوونی سەرما و سۆڵە، گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرەکان بۆ ناوچەکە، داکشانی تیشکی خۆر و کورتبوونەوەی شەوانی تاریک، دانیشتوانی شانەدەری بە زەوی و چیاکاندا بلاو بوونەتەوە، ژیانی نوێ و ڕۆژی نوێ و کاری نوێیان دەست پێکردووەتەوە، گیا و سەوزەی بەهارییان چنیوە، زەوییان کێلاوە و بەو بۆنەیەشەوە جەژنیان کردووە و خواردنی خۆشمەزەیان لە بەرهەمەکانی بەهاریی و گۆشتی حەیوان دروست کردووە.



لەو ساڵانەی دواییدا پاشماوە و بەڵگەی (خولی یەکان) لە کوردستان دۆزرایەوە، هەرچەند هەتا ئێستا بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام ڕوس و ئالمانییەکان لە هەشتاکاندا ئەوەندەیان لەسەر کۆڵیوەتەوە کە خولییەکان دووی خاکەلێوەیان بە سەری ساڵی تازە و ڕۆژی نەورۆز داناوە، خولییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا لە ناوچەی پشدەر و گۆلی وان و نەینەوادا نیشتەجێ بوون و بە دەیان لەوحەی دانسقەیان لە گاسوری یورغان تەپە و قەڵای کەرکوک لێ دۆزراوەتەوە. ئەوانە دەیسەلمێنن کە نەورۆز هیچ پەیوەندیی بە جەمشید، کاوە، زوحاک، فەرەیدون و دەوڵەتی ماد و پارسەوە نەبووە . ئەفسانەی گەلاڵەکراوی فیردەوسی وەک ئەحمەدی شاملو دەڵێ لە ڕووداوەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی لە سەردەمی کمبوجیە، بردیا و داریوش وەرگیراوە.

نەورۆز لە کوردستانەوە تەشەنەی کردووەتە ئێران، هیند، پاکستان، ئەفغانستان و چین و لە هەر جێیەک بە ڕای گەورەکانی ئەو جێیە، شتێکیان بە داب و ڕەسمی نەورۆز زیاد کردووە. لە کوردستاندا، میرمیرێن، هەتەرێ و مەتەرێ، هێلکە شکێنە، ئاگر کردنەوە لەسەر بەرزترین ترۆپکی چیاکان، لەبەرکردنی جل و بەرگی خاوێن، چوون بۆ دەشت و سەیران و دهۆڵ و زوڕنا لێدان و شایی و هەڵپەرکێ و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆستان و خەڵکی هەژار و چوونەسەر گۆڕی کۆچکردووەکان باو بووە. لە دوا چوارشەمەی دوا مانگی زستان (ڕەشەمە)وە خەڵک بە ژەنینی دهۆڵ و زوڕنا بەرەوپیری نەورۆز چوون. وشەی (چوارشەمە سووری) کە وشەیەکی تەواو کوردییە بەم بۆنەیەوە تەشەنەی کردووەتە ناو فەرهەنگی فارسەکانەوە و ئەوانیش بەبێ ئەوەی لە مانای وشەکە بگەن، هەر بەم شێوەیە بەکاری دێن.

گەلی کورد لە سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی دەرد و ئازاری بێوچانی کە لە داگیرکەرانی کوردستانی دەچێژێ، بە شێوەیەکی نوێ ڕوانیویەتیە جەژنی نەورۆز و لە پلەی سیمبۆلێکی نەتەوەییدا لە بەرخۆدانەکاندا دژی داگیرکەران کەڵکی لێ وەرگرێ. پیرەمێردی شاعیری مەزنی کورد بەم بۆنەیەوە ساڵی 1948، بە دوای هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئەوکاتەی عێراق بۆ سەر خۆپیشاندانی خەڵک لە سلێمانی و شەهیدبوونی شێرە کچێکی کورد، سرودی جەژنی نەورۆزی دانا. ڕۆڵە نەبەز و تێکۆشەرەکانی کورد هەموو ساڵێ لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا، جەژنی نەورۆز بەو سرودەی پیرەمێرد پیرۆز دەکەن:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە پێ بەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژ هەلات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گولە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین ...

www.arsivakurdi.org

بزمارییەکانیدا دەربارەی (فرورتیش) چی دەڵێ: « ئەویان بە زنجیرکراوی هێنایە لام، من بە دەستی خۆم گوێیەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا ئەویان لەسەر پێ ڕاگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا چاویان لێ بوو. دوای ئەوە بە فەرمانی من لە ئەگباتانە بە سەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا.»

پێچەوانەکردنی ڕووداوەکان مێژوویەکی درێژی هەیە، هەموو نەوشیروان (ئەنوشیروانی عادل) دەناسن و دەزانن چ حەرامزادەیەک بوو، ئەو تەنها لە یەک ڕۆژدا سەد و سی هەزار کەسی لە (مەزدەکیان) کوشت و لە هەموو ولاتدا ئەوانی سەراوبن هەتا پشتێن خستە ناو چاڵاوی پڕ لە گەچەوە. لایەنگرانی بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزارییەی لە ناوچەوانی پاک بکەنەوە، وشەی (عادل)یان خستە پشت ناوەکەی و ئەمڕۆ مرۆڤ کە ناوی نەوشیروان دەبیستێ، بەناچاریی وشەی عادلی لە مێشکدا زەق دەبێتەوە.

هەموو ئەوانە پێشاندەری ئەوەن کە زوحاک لە دەورانی دەسەلاتدارییەتی خۆیدا کە گوایە لە نێوان سەلتەنەتی جەمشید و فەرەیدوندا بووە، سیستەمی چینایەتی لە کۆمەڵدا لەناو بردووە، دیارە ئێمە هەندێک لە دابەشکردنەکانی چینایەتی سێ هەزار ساڵ پێش دەزانین.

ئەفسانەی زوحاک لە مێشکی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە خاوەنی بەرژەوەندی چینایەتی بوون. دەزانین کە فیردەوسی هەتا پێنج ساڵی دوایی تەمەنی، فیۆداڵێکی خاوەن مەڕ و ماڵات بووە، بەڵام دوایی بەهۆی وشکە ساڵیەوە لە دەستی چووە.

دەبینین کە فیردەوسی، یان کەسێکی تر بۆ فریودانی خەڵک ئەو ئەفسانەیەی بە قازانجی چینێک گێڕاوەتەوە و ئەویش بەو شێوەیە لە شانامەدا نوسیویەتی. ئەمە ڕوونە کە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە سیستەمی حکومەتی زوحاک مەحکوم و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی کاوەی ئاسنگەری بێ بەخت لە مافی کۆمەڵایەتی، دەبێ لە سەروبەندی سەرکەوتندا، تەنها کەوڵە دڕاوە ئاسنگەرییەکەی بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵ بە نیشانەی یەکیەتی دەرز هەڵنەگری نێوان پاشا و خەڵک ببێتە ئاڵای سەلتەنەتی و فەرەیدون کە لە چینی نەجیبزادەکان بووە، دەسەلات بەدەستەوە بگرێ و کۆمەڵ بگەڕێنێتەوە سەر جێگەی پێشوو.

فیردەوسی لە بەشی یادداشتەکانیدا ئاماژە بە کار و کردەوەی کۆمەلایەتی زوحاک ناکات و تەنیا دوو مار لەسەر شانەکانی دەڕوێنێ کە بۆ ئارام ڕاگرتنیان ڕۆژانە مێشکی دوو کەسیان دەرخوارد دەدات و بەمجۆرە مافی زوحاک دەخاتە ناو دەستی.

شاملو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: ئێستا ئێوە بچن دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە فیردەوسی بپرسن، کە بۆچی دەبێ بۆ ئامادە کردنی دەرمانی ئەو برینە، سەری مرۆڤ ببڕن و بۆچی کەلکیان لە مێشکی سەری تازە مردووەکانی وەرنەگرتووە؟

قەڵەم بەدەست دوژمنە و ئەگەر ئێوە تەنها سەرنج بدەنە بەشی پاشایەتی زوحاک لە شانامەدا، بێگومان شتێکتان دەست ناکەوێ و هەر ئەوەندە دەبینن کە کەسێکی ماربەشان هاتووەتە سەر تەختی شایەتی و ناچار بووە بۆ ئارام ڕاگرتنی مارەکانی سەرشانی مێشکی سەری لاوانیان بداتێ. بەمجۆرە خەڵک وەزاڵە دێن و لە ڕاپەڕینێکدا لە ناوی دەبەن و فەرەیدونی لە جێ دادەنێن و قارەمانی ئەسڵی شۆڕشەکەش ئاسنگەرێک بووە کە کەوڵی دڕاوی ئاسنگەرییەکەیان کردووەتە ئاڵا و بە دارەوە هەڵیانواسیوە.

فکر نەکەنەوە کە فیردەوسی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بۆ شۆڕش کردن مرۆڤ پێویستی بەوە نیە کە شتێک بەسەری دارێک دا بکات، ئەو بە زانیارییەوە ئەوەی نوسیوە و کەوڵی دڕاوی کاوەی بۆ ڕۆژانی دوایی پێویست بووە، کە بە نیشانە و ڕەمزی یەکیەتی لە نێوان چینی تالانکەر و تالانکراودا بیکاتە (درفش کاویان) واتە ئاڵای پاشاکان و بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا زێڕ و جەواهیراتی پێوە هەڵواسن.

بەڵام کە دەگەینە بەشی پاشایەتی فەرەیدون، تازە هوشیار دەبینەوە و دەزانین کە مارەکانی سەر شانی زوحاکی چارەڕەش بیانوو بووە و ئەوەی فیردەوسی لە خەڵکی شاردووەتەوە، دژایەتی زوحاک لەگەڵ چینی دەسەلاتداری چەوسێنەر بووە. هەروەها بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەین کە ئاسنگەرە قارەمانەکەی سەردەمی زوحاک بەرەلایەکی گۆپاڵ بەدەستی بێ مێشک و خاین بە چینی خۆی بووە. چاو لەوە دەپۆشین کە ڕاپەڕینی خەڵک دژی زوحاک بە کردەوە ڕاپەڕینی ئازادکراوەکان لە قەید و بەندی کۆمەڵگای بەناو نەجیبزادەکان بووە و بە پیلانی ئەوان ڕاپەڕین ئەنجامی گرتووە. لێرە پرسیار ئەوەیە کە بۆچی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، فەرەیدون لەسەر تەختی پاشایەتی دانراوە؟ تەنها لەبەرئەوە بووە، کە فەرەیدون لە بنەماڵەی سەلتەنەتی بووە و بە وتەی فیردەوسی شکۆ و جەلالی پاشایەتی ئاوێتە بووە، یانی خوێنی سەلتەنەتی لە لەش دا بووە کە فیردەوسی گەلێک جار ئاماژەی پێدەکات.

## نەورۆزی کورد :

بەشێک لە مێژوونوسانی کۆنی بیانی، نەتەوەی کورد بە مادە کۆچەرەکان دەبەستنەوە و ژمارەیەک ڕایان وایە کە کورد لە بنەچەی سۆمەرییەکانن و بەشێکیش دەڵێن کورد لە ڕەگەزی سۆمەر نین و بەر لە کۆچی ماد و پارسەکان بۆ کوردستان لەو ولاتە شاخاوییەدا ژیاوە، کە ئەمڕۆ بە کوردستان دەناسرێ.

ئەوەی ڕاست بێ هەتا ئەمڕۆ هیچکام لەو گوتنانە، بەلگەیەکی حاشا لێنەکراوی مێژوویی و پاشماوەیەکی کۆنی مێژووییان لە پشت نیە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە نەتەوە خاوەن دەسەلاتەکانی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆخۆیان مێژووی خۆیان نوسیوەتەوە و هەرچەند بە ڕواڵەتیش بێت، پاڵپشتی مێژووییان بۆ نەوەکانیان بەجێهێشتووە، بەلام کورد هەتا ئێستا مێژووی خۆی نەنوسیوەتەوە و بە ناچار بۆ سەلماندنی خۆی و ڕەگەزی بابو باپیرانی، خۆی بە وتەی مێژوونوسانی بیانی بەستووەتەوە، کە بێگومان وتە و نوسینی ئەوان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی خۆیان و نەتەوەکەیان و دەسەلاتدارەکانیان دا بووە.

ئێمە ئەگەر چاو لە ئەفسانەی جەمشید بپۆشین، کە بە وتەی تەبەری لە بەرگی 5، لاپەرەی 1474ی تەفسیری سورەی سەبادا دەڵێ : «یەکەم کەس بووە لە دونیادا کە داوای شایەتی

www.arsivakurd.org

ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی پاشاکانی هەخامەنشی بکەم .

کورشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوی (بردیا و کمبوجیە). دوای مردنی کورش، کمبوجیە کە بچوکتر بوو لە بردیا، جێگەی باوکی دەگرێتەوە . کمبوجیە بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا و لەشکری پارس هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە و لەوێ دەبێ کە بە پێی مێژووی ئێران، ئەندامێکی بارەگای پاشا بەناوی (کنومات) کودیتا دەکات و بردیای برای کمبوجیە دەکوژێ و دەسەڵاتی ئێران دەخاتە دەست خۆی. دوای تێپەڕبوونی 7-8 مانگ، داریوش و لایەنگرانی دەچنە سەر کنومات و لە ناوی دەبەن و کورش دەبێتە شای ئێران . بەپێی مێژووی کۆنی ئێران داریوش بەم شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە لە ئێراندا، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم بابەتە باشترە گوێ لە ئەحمەدی شاملو شاعیر و نوسەری گەورەی ئێرانی خاوەنی خەڵاتی (Dagerman) باشترین شاعیری ئێرانی لە سوید لە ساڵی 1999 بگرین و بزانین ئەو چۆن لەو دیاردەیە دەدوێ. شاملو لە کۆنفرانسێکدا بەناوی (ئێران لە سەدەی بیستەمدا) کە بەهاری ساڵی 1990 لە زانکۆی برکلی سانفرانسیسکۆ بەڕێوە چوو، دەربارەی نەورۆز و ئەفسانەی کاوە و زوحاک گوتی:



– ... دیکتاتۆرەکان هەموو لەمەدا هاودەنگن کە مێژوو بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. لە ئاکامی ئەو دەست تێوەردان و گۆڕانکاریانەدا، ئەمڕۆ ئێمە بەداخەوە شتێکمان بەناوی مێژوو لە دەست دایە کە لە کۆمەڵێک درۆ و هەڵبەستراوی پڕوپووچ پێکهاتووە، کە قەڵەم بەدەستە ماستاوکەرەکانی بارەگای پاشاکان لە سەردەمەکانی جیاوازدا کۆیان کردووەتەوە.

نمونەی سەرنجڕاکێشی ئەو جۆرە پێچەوانە پێشاندانە داستانی فەرەیدون و کاوە و زوحاکە. دەزانین کورشی هەخامەنشی دوو کوڕی بە ناوی بردیا و کمبوجیە هەبوو. دوای مەرگی کورش، کمبوجیە بە هاودەنگی فەرماندەکانی سوپا، کاربەدەستانی بارەگای پاشا، گەورە پیاوانی ئاینی و نەجیبزادەکان جێگەی بابی گرتەوە و چووە سەر تەختی پاشایەتی ئێران . هۆی ئەوەی بردیا جێگەی بابی نەگرتەوە ئەوە بوو، کە ناوبراو مرۆڤێکی عادل بوو.

بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە، بەڵگەیەکی حاشا لێ نەکراوی مێژوویی مان بەدەستەوەیە. ئەو بەڵگەیە، بەردە بزمارییەکانی (بێستون)ە، کە بە فەرمانی داریوشی بە ڕواڵەت قاتلی (کنومات)ی داگیرکەر هەڵکەندراوە. من سەرەتا دێڕێکی ئەو بەردە بزمارییەتان بۆ دەخوێنمەوە: (من، داریوش، کێڵگە، زەوی، کەلوپەل و کۆیلەکانم گەڕاندەوە بۆ خەڵکی ئازا. من، ئەو شتانەم گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان کە لە پارس و ماد و وڵاتانی تریان داگیر کردبوو.)

ئەو خەڵکە ئازایە کێ بوون، کە داریوش لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا ئاماژەیان پێ دەکات، تۆ بڵێی ئەوانە جیا لە کاربەدەستانی بارەگای داریوش و فەرماندەکانی سوپا و نەجیبزادەکان بووبن؟ داخوا ئەو کەسە کێ بوو کە موڵک و زەوی، کەلوپەل و کۆیلەی نەجیب زادەکانی زەوت کردبوو، کە داریوش سەرلەنوێ ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ لای خاوەنەکانیان؟

مەسەلەی ئەسڵی ئەمەیە، کە (کنوماتی مغی) قەت وجودی نەبووە و ئەو کەسەی بەدەست داریوش و لایەنگرانی کوژراوە، هەمان بردیا برا گەورەکەی کمبوجیە و کوڕی کورشی ئامۆزای بووە. بردیا لە نەبوونی کمبوجیە و چینی باڵا و نەجیبزادە کە لە میسر خەریکی دزی و ڕاوڕووت بوون، کەڵکی وەرگرتووە و دەسەڵاتی خستووەتە دەست خۆی و دوای 7-8 مانگ بەدەست داریوش و دەوروبەرەکەی کوژراوە.

بردیا هەرکە دەسەڵات دەخاتە دەست خۆی، بە پەلە چەند کارێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات، کە بۆ داریوش و نەجیبزادە پیلانگێڕەکانی دەوروبەری قەبووڵ ناکرێ. (هیرۆدۆت) مێژوونوسی یۆنانی ئاماژە بەو کارانە دەکات کە بردیا لەو 8-7 مانگەدا ئەنجامی داون و دەڵێ: گەلێک کاری باش و خێرخوازانەی ئەنجام دا، بۆیە مەرگی ئەو لە هەموو ئاسیای بچووکدا بە جنایەتێکی گەورە ناوبانگی دەرکرد و خەڵک بۆی خەمبار بوون. یەکێک لەو کارانە، بە وتەی هیرۆدۆت بەخشینی سەربازی کردنی زۆرەملێ و بەخشینی باجی گشتیی بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ.

بەردە بزمارییەکانی بێستون ئەوە دەسەلمێنن کە مەسەلەکە زۆر لەوە قوڵترە کە باسی لێ دەکەن، لە نوسراوی بێستوندا ناوی زەوی و کێڵگە و کەلوپەل دەبینرێ کە داریوش ئەوانی داوەتەوە بە نەجیبزادەکان و خەڵکی ئازا و فەرماندەکانی سوپا. کە وابوو دەردەکەوێ بردیا کۆیلەیەتی یاساخ کردووە و تەنانەت مڵک و دارایی بنەماڵەکانی چینی باڵای زەوت کردووە و بەسەر چینی هەژاردا دابەشی کردوون و داریوش ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خەڵکی ئازا!

هاوکات لەگەڵ ئەو کارانەی داریوشدا، قەیرانێکی سامناک گشت پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری وڵات دادەگرێ و کار دەگاتە جێیەک کە سێ ڕاپەڕین بە ناوی ڕاپەڕینی (پرادا)، (فرورتیش) و (پارتی) ڕوو دەدات.

داریوش زۆر بێڕەحمانە ڕاپەڕینەکان لە خوێن دەگەوزێنێ و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێ هەزار کەس لە ڕێبەران و ڕاپەڕیوەکان لە سێدارە دەدات . بڕواننە نوسینی داریوش و بزانن لە بەردە

www.arsivakurd.org

# نەورۆزی کورد و ئەفسانەی جەمشید ، کاوە ، زوحاک و فەرەیدون

حامید گەوهەری

چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەی نەورۆز و مەبەست و ئامانجەکانی وەک مێژوو و بەسەرهاتی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و مێژووی گەلی کوردمان بەتایبەتیی دیاردەیەکی روون نیە و هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە نیە کە نوسەر و لێکۆڵەری کورد پشتی پێ ببەستێ و بتوانێ بە ڕاشکاویی ئامــاژەی پێ بکات و هۆ و مەبەست و ئامانجەکان و مێژووی سەرهەڵدانی دەستنیشان بکات. ئێرانییەکان بە ڕیزکردنی چەند ئەفسانەیەک، نەورۆز بە (جەمشید)ەوە دەبەستنەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر فەرمانڕەوایی جەمشید بەدەستەوە هەبێ، کە دەڵێن کوڕی (تەهمورەس) چوارەمین پاشای شەدادیان بووە. دوکتۆر جەوادی برومەند سەعید لە تازەترین لێکۆڵینەوەیدا دەربارەی جەمشید لە لاپەڕەی 200 ی کتێبەکەیدا بەناوی نەورۆزی جەمشید کە ساڵی 1998 لە لایەن بلاوکراوەی (تووس) لە تاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەنوسێ :

– « کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی جەمشید کۆمەڵگایەکی دیوسالاریی بووە و دیوەکان حوکمیان بەسەر خەڵکدا کردووە و بەرهەمی ژیان و ڕەنجی ڕۆژانەی ئەوانیان بەتاڵان بردووە و خەڵکیان برسی و رووت ڕاگرتووە.»

جەمشید کێ بوو؟ کەی بە دەسەڵات گەیشت ؟ چەند ساڵ لەسەر تەخت مایەوە و کێ جێی گرتەوە؟ ئەمانە پرسیارێکن کە لە مێژووی ۲۵۰۰ ساڵەی پاشایەتی ئێران و ئەدەبیاتی فارسیدا هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە و بەشێک لە لێکۆڵەرە ئێرانیەکانیش کە دەربارەی نەورۆز نوسیویانە، بۆ سەلماندنی ڕا و بۆچوونەکانیان، پشتیان بە شانامەی ئەبولقاسمی فیردەوسی شاعیری سەدەی دەهەمی زاینی و سەردەمی پاشایەتی (سوڵتان مەحمودی غەزنەوی) بەستووە.

ئێمە ئەگەر بە وردیی لە ئەفسانەی جەمشید بکۆڵینەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە بەستنەوەی نەورۆز بە جەمشید، کاوە، زوحاک و فەرەیدونەوە لە مەبەستێکی تایبەتییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، کە فیردەوسی بە قازانجی چینی فیوداڵ کە خۆی سەر بەو چینە بووە و بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەڵاڵە کردووە .

هەموو دەزانین کە دوای شکانی ئیمپراتۆریی ئاشور لە لایەن مادەکانەوە، دەوڵەتی میدیا دامەزرا و مادەکان لە 700–550 ی پ ز، بۆ ماوەی 145 ساڵ حوکمیان کردووە و بە شکانی (ئاستیاکس) دواهەمین پاشای ماد کە ناوەندی دەوڵەتەکەی لە (ئەگباتانە) هەمەدانی ئەمڕۆ بوو، بەدەست کورشی هەخامەنشی، پارسەکان بە دەسەڵات گەیشتن و دەوڵەتی پارسیان دامەزراند.

لە مێژووی کۆنی ئێراندا و لە سەردەمی زنجیرەی هەخامەنشی، ئەسکەندەری مەکدۆنی، سلوکی و ئەشکانیەکاندا هەتا بە دەسەڵات گەیشتنی ساسانییەکان لە ساڵی 226 ی زاینیدا، کە ئەوانیش کوردی هەرێمی کرماشان و خانەقین بوون، بەجێ هێنانی داب و ڕەسمی نەورۆز تەشەنەی نەکردبووە ناو فەرهەنگ و کولتوری پارسەکانەوە و بۆ یەکەمجار ساسانییەکان نەورۆزیان کردە باو لە ئێراندا، ئەویش نەک بەشێوەی ئەفسانەی کاوە و زوحاک و ... کە فیردەوسی 400 ساڵ دوای هەڵوەشانی دەوڵەتی زنجیرەی ساسانی نوسیویەتی، بەڵکو بەچەشنێک کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا باو بووە. دوکتۆر جەوادی برومەند سەعید لە لاپەڕەی 243-244 ی نەورۆزی جەمشیددا دەنوسێ :

– « دوای جەمشید بە شێوەیەکی بەردەوام ئاماژە بە پیرۆزکردنی ڕێ و ڕەسمی نەورۆز لە سەردەمی پاشایەتی گەشتاسب، بەهمەن و دارا، یانی لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشت دا هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نیە و لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا باسێک لە پیرۆز کردنی نەورۆز نەکراوە. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێ باسی لێ بکات، بەجێهێنانی نەورۆز لە سەردەمی ساسانیەکاندایە و ئەوان ڕێ و ڕەسمی نەورۆزیان بەجێهێناوە. بۆ ئەمەش چەند ڕۆژ بەر لە دەست پێکردنی نەورۆز بە دەهۆڵ و زورنا خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە کە دەرگای پاشا لە نەورۆزدا بۆ پێراگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵک کراوەیە.»

پاشاکانی ساسانی، ڕۆژی نەورۆز بە بەرگی ڕەسمیی لەسەر تەخت دادەنیشتن و خەڵک دەچووە لایان و دیارییان بۆ دەبردن و داواکارییەکانیان پێڕادەگەیاندن. ساسانییەکان 416 ساڵ حوکمیان کرد و سەرئەنجام (یەزدگوردی سێیەم) ئاخرین پاشای ساسانی دوای زنجیرە شەڕێکی دژوار لەلایەن سوپای عەرەبەوە شکا و دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام جێگەی گرتەوە.

وەک دەزانین لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عەرەبەکانیشدا ڕێ و ڕەسمی نەورۆز بەجێ نەهاتووە، کە وابوو لەوە دەچێ فیردەوسی ڕاستییەکی مێژوویی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کمبوجیە، بردیا و داریوشی کوڕی ویشتاسبی هەخامەنشی لە قاڵبی ئەفسانەیەکدا بە ناوی جەمشید و زوحاک و کاوە گەڵاڵە کردبێ . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە باشترە سەرەتا



www.arsivakurd.org

# یادی ٢٦ ساڵەی کارەساتەکەی قەڵادزێی خۆڕاگر

بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە ٢٤-٤-١٩٧٤ دا فاشستە بەعسییەکان تاوانێکی مەزنیان کرد بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە شاری قەڵادزێی سەرچاوەی ڕاپەڕینەکان، تاوانێک کە سەرەتای وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە بەرەنگاربوونەوەی خەباتی ڕەوای گەلەکەماندا، سەرەتای جینۆسایدی کورد.

بەعسییە فاشستەکان لەوەوبەر درێغییان نەکردبوو لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی کورددا، بەڵام یەکەمجار بوو کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەربڵاو چەکی کوشندەی بەکۆمەڵی ئەو زەمانەیان بەکار بهێنن.

لە کاتێکدا کە خوێندکاران و مامۆستاکانیان لە زانکۆ (کاتییە) خنجیلانە گوێزراوەکەی سلێمانی لە قەڵادزێ، سەرقاڵی خوێندن و فێربوونی زانیاریی بوون، فڕۆکە عەفلەقییەکان، هێرشی لەناکاویان کردە سەر شار و مەبەستی تایبەتییشیان (زانکۆ)کە بوو، ئەو زانکۆیەی کە لەو هەموو بارودۆخە ئاڵۆز و بێدەرامەتی و ناهەمواریییەدا، دانرابوو بۆ ئەوەی کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە خوێندن و زانیارییەکان دوا نەکەون، بەڵام بەعسییە فاشستەکان ئەو زانکۆ خنجیلانەیەشیان بە خوێندکاری کورد بە ڕەوا نەبینی.

بەعسییەکان مەبەستی تایبەتییان لە بۆمببارانکردنی زانکۆکە ئەوە بوو کە باش ئەیانزانی خوێندکاران دەست لە خوێندن هەڵناگرن و لەو هەلومەرجە ناهەموارەشدا بەو زانکۆیەش ڕازیین و زانکۆش هەمیشە پڕە لە لاوانی دواڕۆژی نیشتمان.

لە چەند خولەکێکدا چەند بۆمبێکی ناپاڵم کەوتە ناو زانکۆ و دەوروپشتی و بووە هۆی شەهیدبوونی (٣٠٠) لاوی بێتاوان و بریندار بوونی سەدانی تریش لە دانیشتوانی شار، لە منداڵ و ئافرەت و پیر.

کارەساتی لەو چەشنە لەو سەردەمەدا، تەنیا لە ڤیتنام ڕوویدابوو، هەموو گەلانی دنیاش پێیان زانیبوو، دەنگی نارەزاییان بەرزکردبووەوە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی.

گەلانی ئاشتیخوازی دنیا تێکڕا داوای دەرچوونی ئەمریکا و سەربەخۆیی ڤیتنامیان ئەکرد، وێنەی ئەو کچە منداڵەی کە بە ڕوتوقوتیی و سەراپا جەستەی سوتاویەوە لە ئاگری ناپاڵم هەڕایئەکرد، بابەتی سەرەکیی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا بوو، ویژدان و ناخی میلیۆنەها کەسی ئەوروژاند.

ناپاڵمەکانی قەڵادزێش، ئەگەر کاریگەرتر نەبووبن لەوەی ڤیتنام، هەڵبەتە کەمتریش نەبوون و قوربانییەکانیش هەروەک قوربانییەکانی ناپاڵم بوون لە هەر جێیەکی دنیادا.

بریندار و سوتاوەکانی قەڵادزێش، بە جەستەی سوتاوەوە بە کڵپە و ئاگری ناپاڵم، بەملا و بەولادا چنگیان ئەکوتی و هەڕایان ئەکرد بۆ دۆزینەوەی پەناگە، بەڵام تەنیا کامێرایەک، ڕۆژنامەنوسێک یان (ئاشتیخوازێک) نەبوو ئەو جەستە خەڵوزانە ببینێ و ویژدانی مرۆڤدۆستانی دنیای پێ ببزوێنێ.

تەنیا لایەنێکی بەناو چەپ یان پێشکەوتنخواز یان حکومەت و دەوڵەتێک، بەدەنگ لێقەوماوانی کارەساتی قەڵادزێوە نەهاتن و باسیان نەکرد.

ئەو بێدەنگییە خۆماڵی و ناوچەیی و نێونەتەوەییەش، زیاتر دەرگای خستە سەرپشت بۆ ڕژێمی بەعسی فاشست کە جینۆسایدی گەلەکەمان پەرەپێبدات و بەرفراوانتری بکات و دەستبکات بە ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی گوند و شارۆچکەکان.

درێژەی تاوانەکانی قەڵادزێ، خۆی بەرجەستەکرد لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا و لەناوبردنی ١٨٢ هەزار ڕۆڵەی گەلەکەمان لە کۆکوژییەکەی ئەنفالە بەدناوەکاندا و ڕاگوێزانی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و لەناوبردنی زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار لە ڕۆڵەی گەلەکەمان لە ناوچەی بارزان و هەزارانی تریش لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستاندا.

داگیرکەرانی کوردستان خەیاڵیان خاوە و خۆیان لەو ڕاستییە باڵگەنەویستە گێل ئەکەن کە خەباتی ڕەوای گەلان جارجار کز ئەبێت، بەڵام هەرگیز لەناوناچێت.

هەزاران سڵاو لە گیانی قوربانییەکانی جینۆسایدی گەلە خۆڕاگرەکەمان.

مردن و سەرشۆڕیی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.



www.arsivakurd.org

# کۆچی دوایی



بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد سیاسەتمەدار و نوسەری کوردمان پێگەیشت. مامۆستا برایم ئەحمەد ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی چاوی بە ژین کردەوە و ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیی دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید و دەستەی نوسەرانی بەربانگ بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا برایم و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و دۆست و ئاشنایانی دەکات.

کۆمیتەی کارگێر بەم بۆنەیەوە بروسکەیەکی پرسە و ماتەمینی ئاراستەی بەڕێز جەلال تالەبانی سکرتێری کشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی مامۆستا برایم ئەحمەد کرد.

هەر بەم بۆنەیەوەش، ئەندامانی کۆمیتەی کارگێری فیدراسیۆن ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٦ لە پرسەی بەڕێزیاندا بەشداریان کرد کە لە لایەن کۆمیتەی سویدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ئامادە کرابوو. ئەمەش دەقی بروسکەی کۆمیتەی کارگێڕ:

بەڕێز جەلال تالەبانی ٢٠٠٠/٤/٩

سکرتێری کشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان !

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد سیاسەتمەدار و نوسەری کورد خەمباری کردین ، بەم بۆنەیەوە بە ناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و بنەماڵەی مامۆستا برایم ئەحمەد و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەکەین.

لەگەڵ سڵاوی برایانە

کەیا ئیزۆڵ

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

## یادی کارەساتی هەڵەبجە لە شارەکانی سویددا

**ستۆکهۆڵم :**

ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٦ ، فیدراسیۆن یادی کارەساتی شومی هەڵەبجەی کردەوە. بەم بۆنەیەوە دۆستان و لایەنگرانی فیدراسیۆن ڕوویان کردە کەنیسەی Adolf Fredriks Kyrka و بەشداریی یادی کارەساتی هەڵەبجەیان کردەوە.

**ئۆرێبرو :**

ڕۆژی ١٦/٣/ ٢٠٠٠ ، نزیکەی سەد کوردی دانیشتووی شاری ئۆرێبرو و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بۆ یادکردنەوەی ساڵرۆژی کارەساتی هەڵەبجە لە لۆکاڵی کۆمەڵەی کوردیی شارەکە کۆبوونەوە. کۆمەڵەی کوردی بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان پرۆگرامەکەی بەڕێوە برد. لەو یادکردنەوەیەدا، سەردار عومەر سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی ئۆرێبرو وتارێکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە و فیلمێک لەسەر کارەساتی هەڵەبجە پیشاندرا.

**ئوپسالا :**

ڕۆژی ١٦/٣/ ٢٠٠٠ ، کۆمەڵەی کوردستان یادی شەهید کردنی هەڵەبجەی کردەوە. بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە لە لۆکاڵی کۆمەڵەدا ئامادە بوون و تەماشای فیلمی هەڵەبجە و وێنەی قوربانییەکانی ئەو کارەساتەیان کرد.

**ماڵمۆ :**

ڕۆژی ١٦/٣/ ٢٠٠٠ ، یادی کارەساتی هەڵەبجەی کرایەوە. بەم بۆنەیەوە نوێنەری کۆمەڵە کوردییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ژمارەیەکی زۆری کورد لەبەر دەم کۆنسولگەریی ئەڵمانیا لە ماڵمۆ کۆبوونەوە و نامەیەکی نارەزاییان بەرامبەر بە هەڵوێستی ئەڵمانیا تەسلیم کرد. هەروەها کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردییەکان بە بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە لۆکاڵی Studiefrämjandet فیلمی کارەساتی هەڵەبجەیان پیشان دا. لەو یادکردنەوەیەدا وتار و بروسکەی ڕێکخراوە سیاسییەکان خوێندرایەوە.



www.arsivakurdi.org

# دوو کۆبوونەوەی مەزنی فیدراسیۆن

ڕۆژانی ٤ و ٢٠٠٠/٣/٥ ، کۆمیتەی کارگێڕ کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ کۆمەڵەکانی ئەندام و ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن پێک هێنا. نوێنەری ٢٤ کۆمەڵەی ئەندام لە باشوور و باکووری سویدەوەبەشداری کۆبوونەوەکە بوون. ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکە لەلایەن ABF و فیدراسیۆنەوە بۆ پەروەردەکردنی ئەندامان تەرخان کرا و ڕۆژی دووهەم ، ڕاپۆرتی کۆمەڵەکان و ئامۆژگارییەکان خوێنرایەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/٤ ، کۆمەڵەی نینسهامن ئاهەنگێکی مۆسیقا و هەڵپەڕکێی بۆ میوانان ئامادە کرد. کۆبوونەوەکە بەرنامەی بەپێز و سودی زۆری هەبوو بۆ پەروەردەکردن و داڕشتنی پلان و پڕۆژەی دوارۆژ بۆ فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی ئەندامی.

ڕۆژانی ٢٩ و ٢٠٠٠/٤/٣٠ ، کۆمیتەی بەڕێوەبەری پرۆژەی تێکەڵاوی (ئیتگراشیۆن)، کۆبوونەوەیەکی بەرینی لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵەکانی ستۆکهۆڵم، سپۆنگا، نینسهامن، یەرڤلا، ئەپلاندس ویسبی، کۆمەڵەی کوردستان ئوپسالا، کۆمەڵەی کوردی سویدی ئوپسالا، کۆمەڵەی ئیسکیلستونا و کۆمەڵەی یوتوبۆری لە نینسهامن پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، دوکتۆر جەعفەری حەسەنپوور لەسەر پێکهاتەی بنەماڵەی کورد، عوسمان ئایتار لەسەر



تێتکەڵاوی (ئینتگراشیۆن)، دادوەر دەوریم نۆژەن لەسەر گیروگرفتی لاوان، Mariana Buzaglo لەسەر پرۆژە و سەرئەنجام کەیا ئێزۆڵ و گوڵان ئاوجی لەسەر پرۆژەی فیدراسیۆن باس و گفتوگۆیان کرد.



بەشدارانی کۆبوونەوەکە سودێکی زۆریان لەو کۆبوونەوەیە بینی.

## ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١، فیدراسیۆن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە بەشداریی خۆپێشاندانی یەکی مانگی مای کرد. فیدراسیۆن بەچەشنی سالانی پێشوو لەگەڵ Vänsterparti بەشداریی خۆپێشاندان بوو. کەیا ئیزۆڵ ، حامید گەوهەری، عادل ئەنوەر ڕێکخەرانی خۆپێشانی ڕۆژی جیهانی کرێکاران بوو و ژمارە کوردێکی زۆر لە خۆپێشاندانەکەدا بەشدار بوون.






www.arsivakurd.org

# ئاهەنگی سەری ساڵی 2700 کوردی

ئێوارەی ڕۆژی 2000/3/20 ، یەکێتیی لاوانی کورد بە هاوکاری کۆمەڵەی سپۆنگا ئاگری نەورۆزی لە بەرزایی Enebygård ی سپۆنگا کردەوە. نزیک بە 2000 کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداریی ئەو ڕێ و ڕەسمەیان کرد و هاتنی نەورۆزیان بە شایی و هەڵپەرکێ پیرۆز کرد.

ڕۆژی 2000/3/24 ، فیدراسیۆن بە هاوکاریی ABF ی ستۆکهۆڵم جەژنی نەورۆزی ساڵی 2700ی کوردی بە شکۆیەکی مەزن لە هۆڵی Solna hallen پیرۆز کرد. پتر لە 2000 کەس بەشداری جەژنی نەورۆزیان کرد. Marita Ulvskog ، وەزیری کولتوری سوید، Mikail Damberg سەرۆکی یەکێتی لاوانی سۆسیال دیموکرات (SSU) سوید، K.G. Svensoon سەرۆکی بەلەدیی سۆڵنا، تەها بڕواری، لێپرسراوی بیرۆی حکومەتی کوردستان (KRG) نوێنەری کۆمیتەی هاوکاری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد وکوردستانی لە سوید و سەرۆکی یەکێتیی فیدراسیۆنەکانی بیانی (SIOS) لە جەژنی نەورۆزی فیدراسیۆندا وتاریان خوێندەوە.

جەژنەکە بە وتاری کۆمیتەی کارگێری فیدراسیۆن دەستی پێکرد کە لە لایەن کەیا ئیزۆڵەوە خوێندرایەوە. کۆمیتەی کارگێر لە وتارەکەیدا وێرای پیرۆزبایی کردنی جەژنی نەورۆز لە بەشداران، داوای لە دەوڵەتی سوید کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی گەلی کورد و هەروەها ڕایگەیاند: ماوەیەکی زۆرە کوردەکانی دانیشتووی سوید داوای ڕادیۆیەکی سەرتاسەری بە زمانی کوردی دەکەن و ئێمە ئەو داوایەمان چەند جار بە وەزیری کولتور و بەڕێوەبەران و بەرپرسانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕادیۆ تەلەفزیۆنی سوید ڕاگەیاندووە و ئەمڕۆکەش داوای خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ دانانی ڕادیۆیەکی سەرتاسەری بە زمانی کوردی لە سویددا.

وەزیری کولتوری سوید لە بەشێکی وتارەکەیدا سەرەڕای پیرۆزبایی کردنی جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد و بەتایبەتی کوردەکانی دانیشتووی سوید، ڕایگەیاند:

– من بە نوێنەرایەتی حکومەتی سوید لە جەژنی نەورۆزی ئێوەدا بەشداریم کردووە. ئێمە پشتگیری ناسنامە و کولتوری کورد دەکەین و بە گرنگی دەبینین کە ڕادیۆیەکی سەرتاسەری بە زمانی کوردی بکەینەوە و ئەمەش مافی بەحەقی



زۆتانە. من ناتوانم بڵێم کەنگی ڕادیۆی کوردی دەکەینەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم لە ماوەیەکی نزیک دا ئەو کارە دەکەین.

دوای وەزیری کولتوری سوید، Mikail Damberg سەرۆکی یەکێتی لاوانی سۆسیال دیموکرات (SSU) وتاری یەکێتی لاوانی سویدی خوێندەوە. ناوبراو لە بەشێکی گوتنەکەیدا پەنجەی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سیاسی کورد ڕاکێشا و گوتی:

– بۆ ئێمە ڕێکخراوی لاوانی سوید چارەسەر کردنی کێشەی سیاسی گەلی



کوردستان گرنگە، ئەمەش نەک هەربە گوتن بەڵکو ئێمە بە کردەوەش بۆ چارەسەر کردنی مافی سیاسی ئێوە لەگەڵتانین و لە دانیشتنەکانی باڵای سوێددا ئاماژەمان بەو مەسەلەیە کردووە و لە پاشەڕۆژیشدا پشتی ئەو مەسەلەیە دەگرین و هیواداریین کورد لە ماوەیەکی نزیکدا بە مافی خۆی بگات.

دوای ئەمە ، K.G. Svensoon سەرۆکی بەلەدیی سۆڵنا وتارێکی خوێندەوە لە بەشێکی دا گوتی:

– ئێمە هەتا دوایی لەگەڵ کوردانین و هیواداریین کوردیش وەک هەموو گەلانی تری دنیا مافی سیاسی خۆی بەدەست بێنێ.

www.arsivakurd.org

# ناوەڕۆک

- ئاهەنگی سەری ساڵی ٢٧٠٠ی کوردی ................ ل ٣
- دوو کۆبوونەوەی مەزنی فیدراسیۆن ................ ل ٤
- ڕۆژی جیهانی کرێکاران .............................. ل ٤
- کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد و بروسکەی ......... ل ٥
- یادی ٢٦ ساڵەی کارەساتەکەی قەڵادزیی ................ ل ٦
- نەورۆزی کورد و ئەفسانەی ........ حامید گەوهەری........ ل ٧
- یادی سەد و دوو ساڵەی ڕۆژنامە..... نەوزاد وەلی ........ ل ١١
- مافی لە چاپ دانەوە ........................................ ل ١٢
- مرۆڤایەتی لە هەزارەی سیهەمدا...... کەریم حسامی .... ل ١٣
- دوو نامە ........... حەمە سەعید حەسەن ................ ل ١٦
- زمان ( جوتە پیت) ............. نەوزاد وەلی .............. ل ١٨
- ساتە پشوویەک ..... ئامادە کردنی عاسی ڕەباتی ........ ل ١٩
- بەشێک لە وتەکانی نێچیرڤان بارزانی لە کۆنفرانسی (کورد بە دوای ناسنامەدا ) لە واشنتۆن .......................... ل ٢٤
- چەند چالاکییەکی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی :
- کۆبوونەوەی هەرێمەکانی فیدراسیۆن ..................... ل ٢٦
- نەورۆز لە شارەکانی سوید ................................ ل ٢٧
- بەربانگ و خوێنەران ....................................... ل ٣٠
- دوو ئاگاداریی ............................................ ل ٣١

# بەربانگ

ژمارەی ١١٥ ساڵی ١٩ (٢٠٠٠)

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد
خاون ئیمتیاز: کەیا ئیزۆل

دەستەی نووسەران:
حامید گەوهەری
نەوزاد وەلی
فارس

مونتاژ
حامیدی گەوهەری

بەڕێوەبەری ئیداری: عادل ئەنوەر

ئابوونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان: ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە
نرخی یەک دانە: ٢٥ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەرەوەی سوێد: ٤٠ دۆلاری ئەمریکی
بۆ دەزگاکانی دەرەوەی سوێد: ٦٠ دۆلاری ئەمریکی

ناونیشان:
e-mail
berbang@kurdiskarf.org
www.kurdiskarf.org

Box 490 90 Stockholm
Tel: 08- 652 85 85
Fax: 08- 650 21 20
پۆستگیرۆ: 8- 80 38 64

دەستەی نووسەران مافی ئەوەی هەیە، ڕێنووسی وتارەکان ڕاست بکاتەوە و بەو شێوەیەی دەگونجێ، کورتیان بکاتەوە.
دەستەی نووسەران لە ناوەڕۆکی وتارەکان بەرپرسیار نییە

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد لە ١٩٨١/٦/٦ دامەزراوە.
ژمارەی یەکەمی بەربانگ لە مانگی ١٩٨٢/٧دا بڵاوکراوەتەوە

Box: 490 90, S- 100 28 Stockholm Posttidning B (2000/2)

# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید
زمارە ١١٥ ساڵی ٢٠٠٠



## دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی مادام
## میتران بۆ نەوژەن کردنەوەی
## قەڵای هەولێر